زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# شێواز لە شیعرەکانی (دلاوەر قەرەداغی)دا
# (لە ڕوانگەیەکی گرافۆلۆجییەوە)
## پرۆژەی دەرچوونە

پێشکەش بە بەشی (زمانی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین) کراوە، وەک بەشێک لەپێداویستەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی


ئامادەکراوە لەلایەن:
**هاودەنگ سەباح حسێن**
بە سەرپەرشتی:
**پ.ی.د ئاسۆ عبدالرحمن کریم**


٢٧٢٦ کوردی

٢٠٢٦ زاینی

**فۆرمی پێشکەشکرنی توێژینەوەی دەرچوون:**

توێژینەوەی قوتابی (هاودەنگ سەباح حسێن) بە ناونیشانی ( شێواز لە شیعرەکانی دلاوەر قەرەداغیدا لە ڕوانگەیەکی گرافۆلۆجییەوە) هەڵدەسەنگێندرێت لە نێو مامۆستایانی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردە، وەک مەرجی توێژینەوەی زانستی بە مەبەستی پێشکەشکردن نیشانتان دەدەم،

سەرپەرشتیار

پ.ی.د ئاسۆ عبدالرحمن کریم

/ /٢٠٢٦

بەڕێزان ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی گفتوگۆکردن و هەڵسەنگاندن بڵاوکراوەتەوە

بەرپرسی بەش

پ.ی.د ڕێبوار محمد مەلازادە

**پێشکەشە بە**

-باوکم سەباح حسێن  کە نەی دەویست و ڕێگەی دام، بە دوای کلاوی ڕۆژگاربردووی خۆم بکەوم

-  نالیزا کە نەیهێشت"**هەروا  بەبێ پێکران بمرم**"

- سەهەند نالی، کە شمشێر و قەڵغانەکەی بۆ من جێهێشت.

- د. دیار عەلی کەمال کە منی هەڵدایە گۆمەکەوە.

- د. ئاسۆ عبدالرحمن کریم، کە متمانەی بە سەرکێشییەکانم کرد، بەبێ ئەو  گوێڕایەڵێکی مردوو دەبووم.

- بەوکەسەی کە دەزانێت" لە وشکیشە مەلەی مەخلوق"

**سوپاسنامە**

- سوپاس بۆ پەروەرێنم

سوپاس بۆ هەڵسەنگێنەرانم هەر یەکە لە (د.هشار صابر عثمان) (پ.ی.د.ڕێبین خالد خضر) (پ.ی.د. ئاسۆ عبدالرحمان کریم) کە بە ڕەخنە و سەرنج و تێبینییەکانیان یارمەتیم دەدەن لە باشترکردنی توێژینەوەکەم و دواجاریش خزمەتکردن بە ئەدەبی کوردی.

- سوپاس دلاوەر قەرەداغی " **ئەی لوتفەکەت خەفیی و هەواخواە و هەمدەمە!"**

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر تایبەتمەندییە گرافۆلۆجییەکان وەک لایەنێک لە شێواز لە شیعرەکانی (دلاوەر قەرەداغی)دا. ئامانجی سەرەکیش بریتییە لە دیاریکردنی کاریگەریی نیشانەکانی خاڵبەندی، شێوازی دابەشکردنی دێڕەکان و تایبەتمەندییە بینراوەکانی دەق لەسەر مانا و دەربڕین. توێژینەوەکە پشت بە میتۆدی پەسنیی-شیکاری دەبەستێت بۆ دەرخستنی ئەو پەیوەندییە تەواوکارییە لەنێوان شێوەی دەرەوەی دەق و ناوەڕۆکە فیکری و سۆزدارییەکەیدا هەیە. ئەنجامی شیکارییەکان دەریان خستووە کە تایبەتمەندییە بینراوەکان لای قەرەداغی تەنها کەرستەی ڕازاندنەوە نیین، بەڵکوو هاوشانی سۆز و فیکری دەق مانا و وێنە بەرهەم دێنن. تێگەیشتن لەو لایەنانە چاوێکی نوێ بەسەر خوێندنەوەی دەق هەڵدەهێنێت.

**کلیلە وشەکان:** گرافۆلۆجی، شێوازناسی، تایبەتمەندییە بینراوەکان، هێڵکاری دەق هێماکانی خاڵبەندی.

# پێڕست


پوختە: ........ هـ

١ پێشەکی: ........ ٣

١.١ ناونیشانی توێژینەوەکە: ........ ٤

٢.١ ڕێبازی توێژینەوە: ........ ٤

٣.١ هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوە: ........ ٤

٤.١ گرنگی توێژینەوە: ........ ٤

٥.١ پرسیاری توێژینەوە: ........ ٤

٦.١ سنووری توێژینەوە: ........ ٥

٧.١ هەڵبژاردنی سامپڵەکانی توێژینەوە: ........ ٥

٨.١ پێکهاتەی توێژینەوە: ........ ٦

٢ شێوازناسی و ئەدەب ........ ٧

١.٢ دەروازەیەک بۆ شێوازناسی و ئەدەب: ........ ٧

٢.٢ زاراوەی شێواز: ........ ٧

٣.٢ چەمکی شێواز ........ ٨

٤.٢ چەمکی شێوازناسی: ........ ٨

٥.٢ ئاستەکانی شێوازناسی: ........ ٩

١.٥.٢ ئاستی گرافۆلۆجی: ........ ٩

٢.٥.٢ ئاستی دەنگ: ........ ١٠

٣.٥.٢ ئاستی وشە: ........ ١٠

٤.٥.٢ ئاستی ڕستە ........ ١٠

٣ گرافۆلۆجی وەک ئاستێکی شیکاری شێوازناسی ........ ١١

١.٣ زاراوەی گرافۆلۆجی: ........ ١١

٢.٣ گرافۆلۆجی: چەمک و ناساندن ........ ١١

٣.٣ پەیوەندی شێوازناسی و گرافۆلۆجی: ........ ١٢

٤.٣ لادانی گرافۆلۆجی: ........ ١٣

٥.٣ گرنگی تایبەتمەندییە بینراوەکان لە شیعردا ........ ١٣

٤ ڕاستاندنی کارەکییانەی شێواز لە شیعرەکانی دلاوەر قەرەداغیدا (لە ڕوانگەیەکی گرافۆلۆجییەوە) ........ ١٧

١.٤ هێڵشکاندن و هێڵکاری دەق ........ ١٧

٢.٤ خاڵبەندی ........ ٢٣
٣.٤ بۆشایی ........ ٢٨
٥.٤ شیکردنەوەی یەکگرتووی تایبەتمەندییە بینراوەکان ........ ٣١
**ئەنجامەکان: ........ ٣٤**
**لیستی سەرچاوەکان ........ ٣٥**

## ١ پێشەکی:

سەرەڕای گرنگیی لایەنی بینراو لە شیعری نوێ و هاوچەرخی کوردیدا، هێشتا ئاستی گرافۆلۆجی(کە لێکۆڵینەوەیە لە خاڵبەندی، شێوەی کورت و درێژی دێڕەکان، دابەشبوونی دێڕەکان و بۆشاییەکان...تاد) وەک پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، ئەمەش کەلێنێکی زانستی لە شیکردنەوەی دەقەکاندا دروست کردووە، چونکە لایەنی بینراو یەکەم ئاستە کە خوێنەر دەیبینێت، هەروەها لەلایەن شاعیرانی نوێ و هاوچەرخەوە ڕەچاو دەکرێت هونەری خۆیان تێیدا دەخەنە گەڕ. ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر تایبەتمەندییە بینراوەکانی دەقی شیعری وەک ئاستێکی شیکردنەوە لە شێوازناسی لە شیعرەکانی (دلاوەر قەرەداغی) دا. لەبەر ئەوەی لە شیعرەکانیدا بە شێوەیەکی نائاسایی کار لەسەر دیمەنی لاپەڕە کراوە، پێویستییەکی زانستی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەم تایبەتمەندییانە، تا کاریگەرییان دیاری بکرێت بەسەر ناوەڕۆکی دەق. لێرەوە ئەم توێژینەوەیە ڕووبەڕووی چەند پرسیارێکی جەوهەری دەبێتەوە کە هەم بۆ شاعیران و هەم بۆ توێژەر و لێکۆڵەران گرنگە، ئەمانیش بریتیین لە: ئایا جیاوازیی نێوان نووسین(لەسەر لاپەڕە) لە دەقێکی شیعری و لە دەقێکی ئاساییدا چییە؟ ئایا ئەم جیاوازییە تەنها بۆ مەبەستی جوانکارییە، یان ڕەگەزێکی سەرەکییە لە پرۆسەی خوێندنەوە و بەرهەمهێنانی مانادا؟ بۆچی لەم شیعرانەدا هێڵەکان بە شێوەیەکی نائاسایی دابەش بوون ؟ ڕۆڵی نیشانەکانی خاڵبەندی لە شیعردا چییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، توێژەر پەنای بۆ میتۆدی (پەسنی-شیکاری) بردووە لە هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی دلاوەر قەرەداغی کاری کردووە و نمونەی پێویستیان لێوە خراوەتە ڕوو.

### ١.١ ناونیشانی توێژینەوەكە:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (شێواز لە شیعرەکانی دلاوەر قەرەداغی دا- لە ڕوانگەیێکی گرافۆلۆجییەوە) هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی شێوازی نووسین لە شیعرەکانی دلاوەر قەرەداغیدا.

### ٢.١ ڕێبازی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیە پشت بە ڕێبازی(پەسنیی- شیکاری) بەستراوە، پەسنی شێوازی گرافۆلۆجی و تایبەتمەندییەکانی کراوە و شیکاری نمونە لە دەقەشیعریەکان خراوەتە ڕوو.

### ٣.١ هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوە:

یەکێک لەو گۆشانەی، کە خوێنەر بەری دەکەوێت لە خوێندنەوەی دەقی شیعری، ڕووکاری نووسینە لەسەر لاپەڕە. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم لایەنە یەکەم خاڵی بەرکەوتنی خوێنەرە بە دەق، کەچی تا ئێستا لە توێژینەوە کوردییەکاندا وەک پێویست لێی نەکۆڵدراوەتەوە و بەرباس نەخراوە. لێکۆڵینەوە لەم لایەنە دەرگا بەسەر چەندین لایەنی تردا دەکاتەوە هەر لە دۆزینەوەی واتای تازە و جوانکردنی ڕووخساری دەق ، تا چۆنیەتی بەدەنگ خوێندنەوەی دەق، چونکە دواجار چاو ئەو هێما بینراوانە دەگوازێتەوە بۆ مێشک و دەیکاتە دەنگ.

دلاوەر قەرەداغی لەو شاعیرانەیە کە بە زمانە ڕەوان و ناوەڕۆکە قووڵەکەی دەناسرێتەوە.بەڵام هاوشێوەی زمان، نووسین و پیتچنینیش یەکێکە لە لایەنە کەمپەیبراوەکان کە ئەم شاعیرە ڕەچاوی دەکات و بۆ دەربڕینی دەق پشتی پێ دەبەستێت. لە شیعرەکانی دلاوەر قەرەداغیدا هەست بە شێوازێکی ناباو دەکرێت لە دابەشکردنی دێڕەکان. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو جیهانەیە کە شیعرەکەی تێدا لەدایک بووە.

ئەمانە سەلمێنەری ئەوەن کە لاپەڕەی شیعرەکان تەنیا بریتیی نییە لە کاخەزێک کە شیعرەکەی تێدا هەڵگیراوە، بەڵکوو بەشێکە لە خودی شیعرەکە. لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانی قەرەداغی لەم ڕوانگەوە، نەک هەر تەنیا تیشک دەخاتە سەر دەنگە هونەرییەکەی شاعیر بەڵکوو دەبێتە بەشێک لە زانستی ئەدەبی کوردیدا، چاوێکی تر زیاد دەکات بۆ خوێندنەوەی دەقی شیعری.

### ٤.١ گرنگی توێژینەوە:

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە هەڵدەستیت بە بەرباسخستنی تایبەتمەندییەکانی ڕووکاری دەق وەک بابەتێک بۆ توێژینەوە، هەروەها ئەوە دەخاتە ڕوو کە شیعر لە ڕێگەی ئەو ڕووکارەی کە بەربینی خوێنەری دەخات دەشێت چ کاریگەرییەک بکاتە سەر خوێندنەوەی دەقەکە.

### ٥.١ پرسیاری توێژینەوە:

توێژینەوەکە هەوڵدەدات چەند پرسیارێک وەڵام بداتەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

- ئەو تایبەتمەندییە گرافۆلۆجیانە چین کە لە دەقە هەڵبژێردراوەکاندا بەکار هاتوون؟
- کاریگەریی هێڵکاری و هێڵشکاندەکان چییە بەسەر خوێنەندەوەی دەقەوە؟ ئەو مەبەستانە چین کە بۆ هێڵکاری دەق پشتیان پێ دەبەسترێت؟
- هەر یەکە لە خاڵبەندی و بۆشاییەکان ڕۆڵییان چییە لە خوێندنەوە و واتای دەق؟

### ٦.١ سنووری توێژینەوە:

سنووری ئەم توێژینەوە لە ناو بەرهەمە ئەدەبییەکاندا کار لەسەر بەرهەمی نووسراوی شیعر دەکات و لە ناویشیاندا شیعری هاوچەرخی کوردی و تێیدا هەڵبژاردەیەک لە کۆبەرهەمی شاعیر دیاری کراوە بۆ توێژینەوە. لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی پشت بە زانستی شێوازناسی دەبەستێ و لەناویشیدا شێوازناسی ئەدەبیی و تەنیا کار لەسەر ئاستی گرافۆلۆجی کراوە وەک ئاستێک بۆ شیکارکردنی تایبەتمەندییە بینراوەکانی دەقەکان کە هەریەکە لە خاڵبەندی و هێڵکاری دەق و هێڵشکێن و بۆشایی شیکار کراون لەو شوێنانەی کە پێویست بووە ئاماژە بە ئاستەکانی تر کراوە.

### ٧.١ هەڵبژاردنی سامپڵەکانی توێژینەوە:

بۆ ئەم توێژینەوە، سەرەتا کۆبەرهەمی شیعرەکانی دلاوەر قەرەداغی کە لە کتێبێک کۆکراوەتەوە بەناونیشانی (لێرە و لەوێ باران، دووراودوور هەتاو) هێنراوە کە (١٣٦) شیعر لەخۆدەگرێ. توێژینەوە بۆ ئەوەی ڕێژەی نواندنی سامپڵ بۆ توێژینەوەکە شیاوبێت ٪١٥ی شیعرەکان وەرگیراوە بە شێوەی سامپڵی ڕەمەکی ڕێکخراو بۆ ئەمەش $\frac{١٥*١١٢٧}{١٠٠} = ٩،١٨$ کەوایە بە نزیکەیی نۆزدە شیعر لەم کۆبەرهەمە وەردەگیرێت تا ڕەژەی سەدا پانزەی شیعرەکانی هەڵبژێرین.

لەبەر ئەوەی توێژینەوەکە سامپڵی ڕەمەکی ڕێکخراوی پەسەند کردووە تا لەهەر قۆناغێک و لە هەر دیوانێکی شیعریی شاعیر نمونەی تێدابێ، کۆی شیعرەکان دابەشی نۆزدە شیعر کران کە دەکاتە بەنزیکەیی (٧)، بۆیە (١٢٧) شیعرەکە بەسەر (١٨) کۆمەڵەدا دابەشکراون کە هەر کۆمەڵەی (٧) شیعر لەخۆ دەگرێت. پاشان بە شێوەی ڕەمەکی تیروپشک بۆ هەڵبژاردنی ژمارەکانی (١ تا ٧) کراوە و ژمارە (٣)دەرچووە. لە هەر کۆمەڵەیەکی حەوت پارچە شیعریدا شیعری ژمارە سێ واتە سێیەم شیعری کۆمەڵەکە بە سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراوە، بەمەش کۆی سامپڵەکان بووە (١٨) شیعر لەسەر ئاستی کۆبەرهەمە شیعرییەکە. (قەرەداغی،٢٠٢٠ :٧-١٤)

## ٨.١ پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی، دابەشی سەر سێ بەشی سەرەکی بووە. لە بەشی دووەم ناساندن بۆ شێوازناسی کراوە و تێیدا چەمک و زاراوای شێواز و شێوازناسی خراوەتە ڕوو پاشان بە شێوەیەکی پوخت باس لە هەر ئاستێکی شێوازناسی کراوە کە گرافۆلۆجیش یەکێکە لەو ئاستانە، لەوێوە دەپەڕێتەوە بۆ بەشی سێیەم بۆ هەڵوەستە لەسەرکردن و ناساندنی گرافۆلۆجی و وەک ئاستێکی شیکاری شێوازناسی. پاشان  پەیوەندی لەگەڵ ئەدەب خراوەتە ڕوو و کاریگەریەکانی لە چەند خاڵێک پوختکراوەتەوە.  لە بەشی چوارەم، کە لایەنی کرداریی توێژینەوەکەیە؛ تێیدا تایبەتمەندییە بینراوەکان لە شیعرەکانی (دلاوەر قەرەداغی)دا دەستنیشان کراون و ئەرک و کاریگەرییان بە شێوەیەکی زانستی شیکار کراوە لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوکان ئاماژەی پێکراوە وێڕای پوختەی توێژینەوەکە بە هەر یەک لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

# بەشی دووەم : شێوازنـاسی و ئەدەب

١.٢) دەروازەیەک بۆ شێوازنـاسی  و ئەدەب:

٢.٢) زاراوەی شێواز:

٣.٢) چەمکی شێواز

٤.٢) چەمکی شێوازنـاسی:

٥.٢) ئاستەکانی شێوازناسی:

١.٥.٢) ئاستی گرافۆلۆجی:

٢.٥.٢) ئاستی دەنگ:

٣.٥.٢) ئاستی وشە:

٤.٥.٢) ئاستی ڕستە

## ١.٢ دەروازەیەک بۆ شێوازناسی  و ئەدەب:

ئەدەب  لە بنەڕەتدا کایەیەکی زمانییە و بە زمان دێتە بەرهەم، بەڵام هەمان ئەو مامەڵەیە لەگەڵ زماندا ناکات کە قسەپێکەرانی زمانەکە لەگەڵ زمان دەیکەن. ئەو زمانەی ئەدەب بەکاری دێنێت جیاوازە و بۆ مەبەستی جیاواز بەکار دێت. ئەو زانستەشی لە تایبەتمەندییە زمانییەکان دەکۆڵێتەوە لە دەقێکی دیاریکراودا، بریتییە لە شێوازناسی. شێوازناسی وەک پردێک لەنێوان زمانەوانی و ئەدەب کار دەکات بەوەی لەو شێوازەی بەکارهێنانی زمان دەدوێ کە بەرهەمی  ئەدەبیی پێ دەنووسرێتەوە. دەپرسێت تایبەتمەندییەکانی ئەو زمانە چییە کە شاعیرێک بەکاری دێنێت؟ کاریگەریی ئەو جۆرە بەکارهێنانە چییە لەسەر لایەنی هونەری و جوانکاری شیعرەکە؟ ئایە ئەم شێوازە چیمان پێدەڵێت لەسەر نووسەر؟

وەک شۆپن هاوەر دەڵێت((شێواز ڕووخساری بیرە و نیشانەیەکی باوڕپێکراوترە لە ڕوخساری مرۆڤ بۆ ناسینەوەی کەسایەتی )) (Schopenhauer, ١٨٩١, p١٧) بیر کە خۆی بەرجەستە نییە و نادیارە لە ڕێی ئەو شێوازەی کە بەرهەمی ئەو بیرەیە، دەکرێت بەرجەستە ببێت و بناسرێت. هەروەها ئاماژە بەوەش بکەین کە شێوازی کەسێک زانیاری باوڕپێکراوترمان پێدەدات وەک لەو زانیاریانەی ڕووخساری کەسەکە پێمان دەدات.

کە بەم ڕوانگەوە سەیری شێواز دەکەین و لەلایەکتریشەوە دەبینین ((شێواز دەشێت بریتیی بێت لە هەندێک یاخود هەموو ئەو خوو و تایبەتمەندییە زمانیانەی کە کەسێک هەیەتی)) (Crystal & Davy, ١٩٦٩, p. ٩) دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە شێواز تەنیا بریتیی نییە لە کۆمەڵێک ڕووخساری ڕووت بەڵکوو لەپشت ئەو ڕووخسار و تایبەتمەندی و خووە زمانیانەی، کە لە دەقی ئەدەبیدا بەکارهاتووە، دەشێت دەستمان بگات بە کەسایەتی و هزری نووسەر. لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە بە دیاریکراوی سەرنج دەخاتە سەر ئاستی گرافۆلۆجی وەک یەکێک لە ڕەهەندە هەرە دیارەکانی شێوازی دلاوەر قەرەداغی، بۆ ئەوەی بزانین چۆن هێما بینراوەکان دەبنە هەڵگری مانا و شێوازی شاعیر بەرجەستە دەکەن.

## ٢.٢ زاراوەی شێواز:

شێواز لە کوردیدا سەرەتا لەدەرەوەی ئەدەبدا بەکارهێنراوە. وەک لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا ئاماژەی پێکراوە بەمانای (ڕاهاتن یان شکڵ و تەرح) (هەژار، ١٣٦٩ :٥٠٣) لە فەرهەنگی مەردۆخدا شێواز بە هاوواتای (شێوە، ڕێگە، یاسا، باو، خوو، داب، نەریت) (کوردستانی،١٣٤٩ :١٦٢) هاتووە و بەرامبەر وشەی( الأسلوب)ی عەرەبی بەکاردێت. لە فارسیشدا وشەی (سبک)ی بۆ بەکارهاتووە.

ئەمانەش  بەرامبەر (style)  ئینگلیزی بەکاردێن کە لە بنەڕەتدا لە وشەی (stilus)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە بۆ ((ئامرازێکی هەڵکۆڵین))(Liddell & Scott, ١٩٠١, p. ٣١٧) بەکاردەهێنرا کە نوکێکی پان و نوکێکی تیژی هەبوو و وەک قەڵەم بەکار دەهات و لەسەر تەختەیەکی بە مۆم ڕووپۆشکراو

نووسینی پێ دەکرا. دواتر بە تێپەڕینی کات ماناکەی فراوان بووە و پەڕیوەتەوە ناو ئەدەب. شێواز لە ئەدەبدا (( ئەو ڕێگەیە کە مرۆڤ خۆی پێ دەردەبڕێت لە نووسیندا)) (وهبة،١٩٨٤: ٣٤) دواتر ئەم زاراوەیە هاتۆتە ناو زانستی زمان و بۆ شێوازی زمان بەکار هێنراوە.

### ٣.٢ چەمکی شێواز:

شێواز وەک چەمکێک لە دەرەوەی ئەدەبدا بە گشتی بە مانای ئەو ڕووخسار و ڕێگایانە دێت کە لە کردارێکدا بەرجەستە دەبن، جا شێوازی قسەکردن بێت یان جلدوورین یان هەر کردارێکی تر کە بە چەند شێوەیەک ئەنجام بدرێت و بکەری ئەم کردارە خۆی بەپێی سروشت و دەروون کەسایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری و مەبەستی خۆی  بە شێوەیەکی جیاواز لە کەسێکی تر ئەم کارە ئەنجام دەدات و بەرهەمی کردارەکەش جیاواز دەبێت لە بەرهەمێکی تر، هەروەها وەرگر و بەکارهێنەرانی ئەم بەرهەمەش سوود و کاریگەری جیاواز لەو بەرهەمە بەدەست دێنن وەک لە بەرهەمێکی تر.

ئەمە چەمکی شێواز بوو بەگشتی، بەڵام لێرەدا چەند بۆچوونێک بۆ شێواز دەخەینە ڕوو. بۆ دەستخستنی تێگەیشتنێک سەبارەت بە شێواز لە ئەدەب بۆ نموونە  لای سیروس شمیسا: ((شێواز یەکێتییەکە کە لە بەرهەمی ئەدەبی بەدی دەکرێت، گیان یان تایبەتمەندی یان چەند تایبەتمەندییەکی هاوبەش و پاتبووەوەیە لە دەقی ئەدەبیدا، بە واتایەکی تر ئەم یەکەیە کارکردن و تایبەتمەندییەکە لەبەرهەمی کەسێکدا هەیە و سەرنجی خوێنەری ورد و زانخواز ڕادەکێشێ.))(شمیسا، ١٣٧٣ : ١٣-١٤) لێرەدا دەردەکەوێت کە شێوازی ئەدەبی ئەو ڕێوشوێنانەن کە نووسینی نووسەرێکی پێ دەناسرێتەوە. بۆ ئەمەش  پێویستی بە دووپاتبوونەوە  هەیە، نەک ئەوەی  تەنیا بە یەک دەرکەوتن ببێتە شێواز.

لیچ لەبارەی شێوازەوە دەڵێت(( لە گشتیترین لێکدانەوەدا شێواز واتایەکی تا ڕادەیەک لەسەر ڕێککەوتووی هەیە، کە بریتییە لەوەی شێواز ئەو شێوەیەی بەکارهێنانی زمانە، کە لە دەوروبەرێکی دیاری کراودا، لەلایەن کەسێکی دیاریکراوەوە، بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، بەکار دێت)) (Leech & Short, ١٩٨١, p. ٩) لیچ شێواز پەیوەست دەکاتەوە بە کەسایەتیەک لە  کاتێکی دیاریکراودا، پشتگیری لەو بۆچوونە دەکات کە دەوترێت هەموو هەڵبژاردنی شێوازێک مەبەستێکی لە پشتەوەیە لە بەرامبەردا کرستاڵ و داڤی دەڵێن ((شێواز دەشێت بریتیی بێت لە هەندێک یاخود هەموو ئەو خوو و تایبەتمەندییە زمانیانەی کە کەسێک هەیەتی)) (Crystal & Davy, ١٩٦٩, p. ٩) لێرەدا شێواز بە تەواوی خووەکانی تاکەکەس بەستراوەتەوە و بە مەرج دانەنراوە کە ئەم خووە مەبەستدار بێت یان بێمەبەست.

### ٤.٢ چەمکی شێوازناسی:

دوای ئەوەی باس لە شێواز کرا و شێواز ناسێنرا، ئینجا دەتوانرێت باس لە شێوازناسی بکرێت. بەهەمان شێوەی شێواز، چەندین بۆچوونی جۆراوجۆر بۆ شێوازناسیش هەیە کە لێرەدا چەند دانەیەکیان دەخەینە ڕوو.

لیچ لەبارەی شێوازناسییەوە دەڵێت: ((لێکۆڵینەوەیە لەو زمانەی کە لە دەقە ئەدەبییەکاندا بەکار دێت، بە ئامانجی پەیوەستکردنی زمان  بە ئەرکە هونەرییەکانییەوە)) (Leech & Short, ١٩٨١, p. ١٣)

لیچ جەخت لەسەر پەیوەستی شێوازناسی و زمان دەکاتەوە، کە ئەمە هەم لە سوودی زماندایە بەوەی ئاستی برکردنی هێزی زمان و وردی زمان دەدۆزێتەوە، هەم لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی لە زمانی دەقەکە، واتا و لایەنی هونەری دەقی ئەدەبی دەدۆزێتەوە. بە واتایەکی تر شێوازناسی لەڕێگەی شیکردنەوەی زمان، دەق دەناسێنێ و تێگەیشتنمان بۆ دروست دەکات بەرامبەر دەقەکە.
لە پێناسەیەکی تردا سەبارەت بە شێواز دەوترێت: ((زانستێکە شێوازی دەق و بنیاتی دەق و پێکهاتەی ڕووخسار و ناوەڕۆکی شێوازی دەق شیدەکاتەوە و تێگەیشتنی فراوانمان لەسەر شێوازی ئەو بەرهەمە پێ دەبەخشێت، کە کاری لەسەر دەکات))(مەلازادە،٢٠١٩ : ٢٣) لەم بۆچوونەدا دەگەینە ئەو خاڵەی کە شێوازناسی کار لەسەر دەق دەکات و هەوڵ دەدات لە هەر لایەنێکی دەقەکە تایبەتمەندی و شێواز هەڵبهێنجێ بۆ ئەوەی وەرگر باشتر لە دەقەکە تێبگات. ڕەنگە بەهۆی کارکردنی چڕ لە ناو دەقێکی ئەدەبیدا سەخت بێت بۆ خوێنەر کە لە دەقەکە تێبگات یان گەر تێش بگات پەی بە ئەو هونەرکاری و دەلالەتە شاراوەیە نەبات کە دەق لەخۆیدا هەڵی گرتووە، ئەمەش سستی دەخاتە پرۆسەی گەیاندنی پەیام لە نێرەرەوە بۆ وەرگر. ڕۆڵی شێوازناسی چالاککردنی ئەو گەیاندنەیە لەڕێگەی توێژینەوە لەسەر دەق.

### ٥.٢ ئاستەکانی شێوازناسی:

ئاستەکانی شیکردنەوەی شێوازناسی چەند دابەشکارییەکی جیاوازی بۆ کراوە، تا ئێستا زۆربەیان بۆ ئاستەکانی شێوازناسی پشت بە هەمان ئەو ئاستانە دەبەستن کە لە زمانەوانیدا هەیە. لەبارەیەوە سیمپسۆن ئاماژە بە ئاستەکانی زمان دەکات و دەڵێت: ((ئەم ئاستانەی زمان دەتوانرێت بۆ شیکردنەوەی شێوازی دەق دەستنیشان بکرێن لەگەڵ ئەوەشدا شیکردنەوەکە سیستماتیکتر و ڕێک وپێکتر دەکەن)) (Simpson, ٢٠٠٤, p. ٥) لێرەدا سیمپسۆن جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئێستا زانستی زمان زانستێکی تا ڕادەیەک دەوڵەمەندە و بە جۆرەها شێوە کاری لەسەر کراوە، پشتبەستنی شێوازناسیش بە زمان لە بەرژەوەندی شێوازناسیدایە، ئەمە لەلایەک لە لایەکی تریشەوە ئاماژە بەوە کراوە کە ((ئەدەب لە ڕێگەی زمانەوە دەردەبڕدرێت بۆیە شێوازناسی ئەدەبیش ناتوانێت خۆی لە بەکارهێنانی ئاستەکانی زمان بەدوور بگرێت کە هەریەکە لە گرافۆلۆجی، دەنگناسی، فەرهەنگناسی، ڕستەسازی و واتاناسی دەگرێتەوە))(EPRA,٢٠٢١ p.٢١) لەژێر تیشکی ئەم بۆ چوونانەی خرانە ڕوو ئاستەکانی شێوازناسی دابەش دەبنە سەر ئەم ناونیشانانەی خوارەوە:

### ١.٥.٢ ئاستی گرافۆلۆجی:

ئەو کاتەی زمان دەخرێتە سەر لاپەڕە گرافۆلۆجی بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێت (بە واتایەکی تر ئاستی گرافۆلۆجی ئاماژەیە بەو ئاستەی زمان کە کار لەسەر سیستەمی نووسین دەکات. ئەمەش بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە هەر یەکە لە خاڵبەندی، کاپیتاڵکردنی پیت و لارکردن و تۆخکردن و هێڵ و بۆشایی، وەک ئایو ئۆگونسیجی دەڵێت: (بەکارهێنانی ئەم تایبەتمەندییانە لە تێکستەکانی ژێر لێکۆڵینەوەدا هەندێک کاریگەری واتایی و ستایلی هەیە.) (EPRA,٢٠٢١ p.٢١)

### ٢.٥.٢ ئاستی دەنگ:

ئاستێکە لە ئاستەکانی زمان کە تێیدا لە دەنگەکانی زمان و ئەو ئاوازە و هێز و تایبەتمەندییانەش کە پەیوەندی بە دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو هەیە دەکۆڵێتەوە. ئەم ئاستە ((لێکۆڵینەوە لە پێکهاتە دەنگییەکانی دەقی ئەدەبی دەکات، لێرەدا بە پشت بەستن بە ئامار دەنگەپێکهاتووەکانی ئەو دەقە شیعرییە بەسەر دەنگی بزوین و نەبزوێنو جۆرەکانی هەریەکەیان دابەش دەکات، کاریگەری ئەو دەنگانەش لە دروستبوونی جۆرەکانی کێش و سەروادا ڕوون دەکاتەوە.)) (مەلازادە،٢٠١٩ :٧٥) بەم پێیە ئەگەر دەنگناسی لەناو زمانەوانیدا ئەرکی لێکۆڵینەوەی دەنگەکانی زمانە لەناو ئاخاوتندا، ئەوا دەنگناسی وەک ئاستێکی شیکاری شێوازناسی لە دەنگەکانی ناو دەقی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە بەتایبەت شیعر، هەروەها کاریگەری ئەو مامەڵە تایبەتەی شاعیر لەگەڵ دەنگی کردووە دیاری دەکات.

### ٣.٥.٢ ئاستی وشە:

هەردوو زانستی مۆرفۆلۆجی و فەرهەنگناسی کار لەسەر وشە دەکەن لە ڕووی ناوەڕۆک و پێکهاتەوە، شێوازناسی لە ژێر ڕۆشنایی ئەم دوو زانستەدا کار لەسەر وشەکانی دەقی ئەدەبی دەکات کە ئایا وشەکان لە ڕووی پێکهاتنەوە زیاتر چۆنن هەروەها لەسەر ئاستی فەرهەنگناسی لە جۆری ئەو وشانە دەکۆڵێتەوە کە شاعیر بەکاری هێناون پەیوەندی نێوان وشەکان دیاری دەکات بەتایبەت کاتێک دەبنە هۆی دروستکردنی( پارادۆکس، میتافۆر، بەکەسکردن، ئایرۆنی... هتد).

### ٤.٥.٢ ئاستی ڕستە:

ئەم ئاستە لە زانستی ڕستەسازییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەرکی لێکۆڵینەوەیە لە دانە لە وشە گەورەترەکان جا گرێ بن یان ڕستە. لە شێوازناسیدا وەک ئاستێکی شیکاری بەکاردەهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕستەکانی ناو ئەدەب لەڕووی ڕۆنان و کورتی و درێژی و ڕیزبەندی کەرەستەکانیان. هەروەها لەبەر ئەوەی زمانێکی ئەدەبی زمانیکی داهێنەرانەیە زۆر جار لادان لە ڕۆنانی باوی ڕستە دەکات و شیوازناسیش بە ئەرکی خۆی دەزانیت ئەم لادانانە دیاری بکات و شیکردنەوەیان بۆ بکات جا تێکدانی زنجیرەبەندی پێکهاتەکان بێت یان کردتاندنی کەرەستەکان و بڕینی لەناکاوی ڕستە و ڕستەی ناتەواو و...هتد

# بەشی سێیەم: گرافۆلۆجی وەک ئاستێکی شیکاری شێوازناسی

١.٣ زاراوەی گرافۆلۆجی:

٢.٣ گرافۆلۆجی: چەمک و ناساندن

٣.٣ پەیوەندی شێوازناسی و گرافۆلۆجی:

٤.٣ لادانی گرافۆلۆجی:

٥.٣ گرنگی تایبەتمەندییە بینراوەکان لە شیعردا

### ١.٣ زاراوەی گرافۆلۆجی:

هەر زانستێکی زمانەوانی و ئەدەب زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە، زاراوەی ئەم زانستەش وەک زۆربەی زانستەکانی تر ((ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی گریکی(گراف:grapho) بە واتای نووسین کە لەگەڵ وشەی(لۆگۆس:logos ) بەیەکەوە دەبنە زانستی نووسین)) لە فارسیدا وشەی (دست خط شناسی)ی بۆ بەکاردێت، لە زمانی عەرەبیدا وشەی( علم الخط)ی بۆ دانراوە بەڵام (جرافولوجی) زیاتر جێی خۆی گرتووە، کە هەر لە ئینگلیزییەکەوە وەرگیراوە.

چەمکی گرافۆلۆجی بەکارهێنانی جیاوازی هەیە و بەپێی ئەو بوارەی تێیدا بەکار دەهێنرێت مەبەستەکەی دەگۆڕێت. گرافۆلۆجی بە مانا بەربڵاوەکەی ((ئەو زانستەیە لە ڕێگای نووسینی دەستییەوە کەسایەتی مرۆڤ دەستنیشان دەکات)) (دزەیی،٢٠١٩: ١٥) لێرەدا گرافۆلۆجی زیاتر بەدەروونناسییەوە پەیوەستە و هاوێنەی لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو نووسینانەیە کە بەدەست نووسراون، بەڵام ئەوەی لەم توێژینەوە کاری لەسەر دەکرێت بریتییە لە گرافۆلۆجی لە چوارچێوەی زمانەوانی.

یەکەم کەس کە ئەم چەمکەی لە بواری زمانەوانی بەکار هێناوە، ئینگس ماکنتۆش بووە لە وتارەکەی بەناوی گرافۆلۆجی و مانا (( ماکنتۆش ئەوە دەخاتە ڕوو کە مەبەست لە گرافۆلۆجی گونجاندنی زمانی نووسینە (گرافۆلۆجی) لەگەڵ زمانی قسەکردن (فۆنۆلۆجی)) *(Gómez-Jiménez, 2015, p. 71–85)*. ئەمەش دەمانگەینێتە ئەو تێگەیشتنەی کە گرافۆلۆجی لە زمانەوانیدا ئاستێکە هاوتای ئاستی فۆنۆلۆجییە، لەو یەکە و دیاردانە دەکۆڵێتەوە کە لە زمانی نووسراودا بەدی دەکرێن ئەمەش هەر یەک لە ڕێکخستن و دابەشکردنی لاپەڕە، پەرەگرافسازی، خاڵبەندی، هێڵکاری،شێوەکاری پیتەکان(فۆنت، تۆخی، لاری، هێڵ بەژێرداهێنان) دەگرێتەوە.

### ٢.٣ گرافۆلۆجی: چەمک و ناساندن

لەناو زانستی زماندا گرافۆلۆجی وەک ئاستێکی شیکاری، کاری لەسەر کراوە. هەر لەم ڕوانگەیەوەش شێوازناسەکان و زمانەوانەکان بە شێوەی جیا باسی گرافۆلۆجییان کردووە و ئاماژەیان بەو بابەتانە داوە کە گرافۆلۆجی دەیانگرێتە خۆی، وەک لە توێژینەوە شێوازناسییەکاندا پێناسە کراوە ((گرافۆلۆجی ئاستێکە لە شیکاری زمانەوانی، کە سەرنج دەخاتە سەر شێوازی نووسینەکان و قەبارە و شێوەی وشەکان و هەر تایبەتمەندییەکی تری گرافیکی یان ڕێنووسی. ڕێگەیەکی بنەڕەتی و چارەنووسسازە بۆ تێگەیشتن لە وێنە و دیاگرامە بینراوەکانی دەقێک کە یارمەتیدەرن بۆ بە ڕەمزکردن یان جەختکردنەوە یان دەستکاریکردنی ماناکەی)) ( Yeibo & Akerele, ٢٠١٤, p. ١٠). زمانی دەق لە چەند ئاستێکەوە شیکاری بۆ دەکرێت هەر لە واتا و ڕستەوە بگرە تا بچوکترین یەکەی زمانی کە فۆنیمە. گرافۆلۆجیش یەکێکە لەو ئاستانەی کە زمانی تێدا شیدەکرێتەوە. تێیدا تیشک دەخرێتە سەر هەر لایەنێک کە لەسەر لاپەڕەیەکی نووسراو بەرچاو دەکەوێت. لێرەوە گرافۆلۆجی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بتوانین پەیوەندی نێوان ئەم لایەنە بینراوانە و

دەق بدۆزینەوە، کە نووسەر هەڵبیژاردوون بۆ ئەوەی بەشێک لە مانا و مۆسیقا و مەبەستی دەقەکەی پێ دەربڕێت.

گرافۆلۆجی قەبارەی وشە و دەستخەت و زۆر شتی تریش دەگرێتەوە، کە لێرەدا لە پێناو زیاتر تیشک خستنە سەر شیعرە چاپکراوەکان بەرباسی ناخەین، بەڵکوو تیشک دەخەینە سەر ئەو لایەنانەی کە دەشێت لە دەقێکی چاپکراودا بەدی بکرێت. ئەوانیش هەر یەک لە: خاڵبەندی، هێڵکاری دەق، هێڵشکاندن، بۆشایی و دابەشکاری کۆپلەکان... دەگرێتەوە کە لە دەقە شیعرییەکان بەدی دەکرێن و دەشێت کەرستەیەکی لەبار بن بۆ لێکۆڵینەوە لە دەقی شیعری بەتایبەتیش شیعری هاوچەرخ کە شاعیران ئازادییەکی زیاتریان هەیە بۆ هەڵبژاردنی ئەم تایبەتمەندییانە. لەو ڕوانگەوە گرافۆلۆجی بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان تایبەتمەندییە بینراوەکانی دەق و مەبەستی دەق.

### ٣.٣ پەیوەندی شێوازناسی و گرافۆلۆجی:

شێوازناسی بەپێی بەرنامەی کاری خۆی کە کار لەسەر تایبەتمەندییە زمانییەکان دەکات، یەکێک لەو ئاستانەی کە بە هەند وەری دەگرێت، بریتییە لە ((ئاستی دەنگ کە بە ئاستی مۆسیقییش ناو دەبرێت، لەم ئاستەدا لە کەرەستەکانی مۆسیقای دەرەوە (کێش و سەروا) و مۆسیقای ناوەوە(ڕەگەزدۆزی، دووبارەکردنەوە...هتد)ی دەق دەکۆڵدرێتەوە))(گەردی،٢٠٢٢ :١٦٨) بە واتایەکی تر، شاعیران و نووسەران بە شێوەیەکی جیاواز لە یەکتری مامەڵە لەگەڵ دەنگدا دەکەن، لێکۆڵەری شێوازناسیش ئەم تایبەتمەندییانە دەدۆزێتەوە و کاریگەرییان بەسەر واتا و ئاستی هونەری دەقەکە دەردەخات ئەو تایبەتمەندییانەش هەر جۆرە دیاردەیەک دەگرێتەوە کە پەیوەستبێت بە دەنگ جا بۆ دەربڕینی مەبەستێکی تایبەت بێت یان مۆسیقای شیعر. دوای ئەوەی گرنگی دەنگمان لە شیعر و شێوازناسی خستەڕوو پرسێکی تر دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە زۆربەی ئەو شیعر و دیوانە شیعریانەی کە هەن بە شێوەی نووسین و چاپکراو دەگەنە وەرگر نەک دەنگ. نووسینیش لە بنەڕەتدا نوێنەری دەنگەکانی زمانە بە شێوەی بینراو.

لێرەدایە گرافۆلۆجی وەک زانستی لێکۆڵینەوە لە نووسین ڕۆڵی خۆی دەبینێت هالیدەی لەم بارەوە پێی وایە (گرافۆلۆجی بەشێکی سەرەکییە بۆ وەسفکردنی هەر زمانێکی نووسراو، هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی تەریببێت بە ئاستی فۆنۆلۆجی. هەروەها ئەم چەمکە هەریەک لە ڕێنووس و خاڵبەندی وەهەرشتێکی تر کە نیشانی بدات چۆن زمان سەرچاوە گرافیکیەکان بەکار دێنێت بۆ هەڵگرتنی نەخشە ڕێزمانی و فەرهەنگیەکانی)(Halliday, McIntosh & Strevens, ١٩٦٤, p. ٥٠) لێرەدا هالیدەی ئاماژە بە بەرامبەرێتی فۆنۆلۆجی و گرافۆلۆجی دەکات بەو پێیەی نووسین هەوڵدانی گواستنەوەی زمانە لە دەنگەوە بۆ نووسین هەروەها ئاماژە بەوەش دەدات گرافۆلۆجی تەنیا تیپەکان ناگرێتەوە، بەڵکوو هەموو ئەو دیاردانە دەگرێتەوە، کە لەسەر لاپەڕە دەردەکەون تایبەتمەندی فەرهەنگی و ڕێزمانی هەڵدەگرن وەک دیارە نووسین و تیپەکان توانای هەڵگرتنی هەندێک تایبەتمەندیی زمانییان نییە بەتەنیا بۆیە هاوکاری لە خاڵبەندی و دابەشکردنی لاپەڕە و کۆمەڵێک شتی تر وەردەگرن کە ئەمانیش هەموویان دەچنە چوارچێوەی گرافۆلۆجییەوە.

لیچ بەهەمان شێوە جەخت لە فراوانی گرافۆلۆجی دەکاتەوە و و دەڵێت ((زاراوەی گرافۆلۆجی تا ڕادەیەک فراوانترە لە زاراوەی ئۆتۆگرافی، بەو پێیەی ئاماژەیە بۆ تەواوی سیستەمی نووسین وەک:

خاڵبەندی، پەڕەگراف، و هەروەک ئاماژەشە بۆ ڕێنووس))(Leech, ١٩٦٩, p. ٤٧) . لەژێر ڕۆشنایی ئەم بۆ چوونەی لییچ گرافۆلۆجی تەنیا پێمان ناڵێت ئەو تیپانەی شاعیر بەکاری هێناوە چین و تایبەتمەندیان چییە؟ بەڵکوو هەر دیاردەیەک پەیوەندی بە نووسینەوە هەبێت دەکەوێتە بەر تیشکی گرافۆلۆجییەوە وەک(خاڵبەندی، ڕێنووس، شێوازی تیپەکان، بۆشایی دانان، کورت و درێژی هێڵەکان، دابەشکرنی پەڕەگرافەکان، قەبارە و ڕەنگ و فۆنتی نووسینەکە، شێوازی پیەتکان لەڕووی تۆخی و لاری و هێڵ بەژێردا هێنان...هتد) بەکورتی هەموو ئەو فۆرمە بینراوەی لە لاپەڕەیەک شیعردا بەرچاو دەکەوێت دەشێت بخرێتە ژێر تیشکی توێژینەوە دیاری بکرێت. ئەمەش گرنگە بۆ ناسینەوەی شێوازی تایبەتی شاعیر.

### ٤.٣ لادانی گرافۆلۆجی:

لادان لە پاڵ هەڵبژاردن و دیدی تایبەتەوە یەکیکە کە لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی شێواز جا هەر جۆرە لادانێک بێت. گرافۆلۆجیش وەک ئاستێکی شیکاری شێواز لەو لادانانە دەکۆڵێتەوە کە شاعیران و نووسەران لە سەر ئاستی گرافۆلۆجی لە ئەنجامی دەدەن شێوازێک نووسین نیشانی خوێنەر دەدەن کە لە شێوازی باوی نووسینی ئاسایی یان نائەدەبی ناچێت. لیچ لەبارەی ئەم جۆرە لە لادانەوە باس لەوە دەکات کە (لادانی گرافۆلۆجی ئەو شێوازە نائاساییەی نووسینی دەقە کە لە شیوازی باوی نووسین لادەدات. ئەمەش دەشێت لەڕێگەی خاڵبەندی نائاسایی، و یاری کردن بە بۆشای دەستە ڕاستی لاپەڕە -کە بۆ زمانی کوردی دەبێتە دەستە چەپ چونکە ئاڕاستەی نووسین بە ئەلفبێی ئارامی لە ڕاستەوە بەرەو چەپە- یاخود ئەو بۆشاییانەی کە دەکەونە نێوان وشە و دەستەواژە و ڕستەکانەوە بەرهەمهێنراوە) (٤٧: Leech,١٩٦٩) بەم پێیە نووسەر بۆ گەیاندنی ئەوەی کە دەیەوێت لە هەندێک یاسای باوی نووسین لا دەدات و پەیڕەوی لە شێوازێکی نوێ دەکات کە لەگەڵ مەبەست و خواستی دەقەکە زیاتر بگونجێت.

### ٥.٣ گرنگی تایبەتمەندییە بینراوەکان لە شیعردا

گرنگی تایبەتمەندییە بینراوەکانی دەق لەو کاریگەرییانە دەردەکەوێت کە بەسەر لایەنەکانی تری دەقدا هەیەتی. شیعر هەر تەنیا زمان نییە، بەڵکوو بریتییە لە فۆرمێکی بینراویش. ((کتێب ئاوێنەیەکی نەرمە بۆ بیر و جەستە، وە هەموو ئەوەی لەبارەیەوە هەیە هەر یەک لە ڕەهەندەکان، ڕێژەی لاپەڕەکان، پێکهات و ڕەنگی کاخەزەکەی، دەنگی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی و تەنانەت بۆنی چەسپ و کاخەزەکەی(هەر فۆرمێکی بینراو یان هەستپێکراوی تر) هەموو ئەمانە بە هێمنی ئاماژە بە شتانێکی ئەو جیهانە دەکەن کە کتێبەکە تێیدا دروستبووە )) (Bringhurst, ١٩٩٦, :١٤٣) برینگهێرس لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەر شتێک کە خوێنەر لە نووسینێکی چاپکراوەوە بەری دەکەوێت زانیاری بەخشە و ناڕاستەوخۆ زانیاریمان دەداتێ سەبارەت بە دنیای نوسیینەکە، ئەمەش هەم کاریگەری بەسەرناسینی دەقەکەوە هەیە، هەم بەسەر خوێنەر.

هەر یەک لە شاعیرانیش بە شێوازێکی جیاواز تایبەتمەندییە بینراوەکانی شیعرەکەیان دادەڕێژن. نمونەی ئەم جیاوازییە بە ئاشکرا لە نێوان شیعری کلاسیک و شیعری هاوچەرخدا دەردەکەوێت.

لە شیعری کلاسیکدا، بەر لەوەی واتای وشەکانیش بزانرێت، لە ئەندازە و وەکیەکی درێژی دێڕەکان بە ئاشکرا هەست بە پابەندبوون، ڕێکخستن و لەقاڵبدران دەکرێت. بەڵام لە شیعری هاوچەرخدا، وشەکان و ڕستەکان بە شێوەیەکی ئازاد و بە سروشتی بەسەر لاپەڕەدا دابەش دەبن. ئەم شێوەیەی دەق هێندە سروشتییە کە زۆرجار شاعیر خۆشی نازانێت بۆچی وشەیەکی لەو هێڵە هێناوەتە خوارەوە و بۆچی لەگەڵ ڕستەکەی سەرەوە نەینووسیوە بەڵکوو بە شێوەیەکی سەلیقەیی و هەستەکی دایدەڕێژێت.

دەتوانرێت گرنگییەکانی تایبەتمەندییە بینراوەکانی شیعر لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکرێنەوە:

### ١.٥.٣ پێبەخشینی واتا و دیاریکردی ئاوزەی ڕستە:

تایبەتمەندییە بینراوەکانی دەق پشتگیری مانای شیعرەکە دەکات و شێوازێکی تایبەتی پێ دەبەخشێت. دیاریکردنی دیاردە بینراوەکانی وەک (درێژی هێڵەکان، خاڵبەندی و بۆشاییەکان...هتد) پاڵپشتی مانای دەق دەکات و ئاماژە بە دیمەن یان مانایەک دەدات. کە گەر بهاتبا و ئەم فۆرمە بە شێوەیەکی تر دابڕێژرابایە، ئەوا ئەو مانایەی بەتەواوی نەدەگەیاند. سەبارەت بە ئاوازەی دەقیش، بە هەمان شێوە دەشێت لە ڕێگەی دیاردە بینراوەکانەوە بزانرێت کە ئاوازەی دەنگی دێڕەکان غەمگینە، شادە، ئارامە، تورە یان شڵەژاو...هتد. ئەمە بەتایبەت بە بەکارهێنانی هێماکانی خاڵبەندی وەک نیشانەی سەرسوڕمان و پرسیار و خاڵ. هەمان ئەو ڕستەیەی کە لەڕووی نووسینەوە وەک یەکە تەنیا لە کۆتاییدا هێمای پرسیار هەبێت لەوەی تردا سەرسوڕمان هەبێت ئاوازەی خوێندنەوەکەی دەگۆڕێت و کاریگەری لەسەر واتای ڕستەکە دەبێت.

### ٢.٥.٣ ڕێکخستن و جڵەوکردنی ڕەوتی خوێندنەوە

تایبەتمەندییە بینراوەکانی شیعر ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ڕێکخستن و جڵەوکردنی ڕەوتی خوێندنەوە. درێژی دێڕەکان، شوێنی وشەکان، خاڵبەندیی و بۆشایی ...هتد چاو ئاڕاستە دەکەن کە چۆن بەسەر وشەکاندا بجوڵێت و لە کوێ دا بوەستێ لە کوێدا درێژە بە دێڕەکە بدات و سەرنج بخاتە سەر کام وشە. توێژینەوە پزیشکییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە(( جوڵەکانی چاو بە شێوەیەکی تەریب دەڕۆن لەگەڵ ڕەوتی لەبەرخۆخوێندنەوە[١]ی دەقی ڕیتم و سەروادار)) (Beck & Konieczny, ٢٠٢١, p. ١) ئەمەش بەهۆی تێبینی کردنی جوڵەی چاو دۆزراوەتەوە. لەو کاتەی چاو دەقێکی ڕیتمدار دەخوێنێتەوە جوڵەکانیشی بەپێی ئەو ڕیتمە دەڕۆن و هەر بەو پێیەش دەیکاتەوە دەنگە ناخەکییەکە، کەوایە کاتێک مرۆڤ دەقێکی شیعری بەبێدەنگیش دەخوێنێتەوە لە مێشکی خۆیدا دەیکاتەوە بەدەنگ چونکە بێ ئەوەی لە ناو خۆیدا بیکاتەوە دەنگ ناکرێت مۆسیقایەکەی هەست پێبکات. کاتێکیش گۆڕانکاری لە نووسین دەکرێت، ئەوا گۆڕانکاری لە خوێندنەوەی نووسینەکەش

[١] لەبەرخۆخوێندنەوە : subvocalization

دەکرێت. کەوایە شاعیر لەڕێی ڕێکخستنی نووسینەکەوە ئاهەنگی خوێندنەوەکەی لە مێشکی خوێنەر ڕێک دەخا.

### ٣.٥.٣ دروستکردنی میتافۆری بینراو:

واتا تەنیا پەیوەست نییە بە ئاماژە فەرهەنگیی ووێنەی هۆشەکی وشەکانەوە، بەڵکوو کردی بەرهەمهێنانی واتا ئاڵۆز و فراوانە و سنووری وشە و دانە فەرهەنگییەکان بەرەو دەق، ڕەوت و دەوروبەر تێدەپەڕێنێ، بەمەش لە شیعری نووراودا تەواوی ڕووبەری لاپەڕەکە چالاکن بۆ بەرهەمهێنانی واتا. یەکێک لەو تایبەتمەندیانەی تەنیا لەبینینی لاپەڕەی شیعرەکە دەردەکەون بریتییە لە میتافۆری بینراو. میتافۆر بە پێناسە ڕەوانبێژییەکەی(( بریتییە لە گواستنەوەی وشەیەک لە واتای بنەڕەتییەوە، بۆ گەیاندنی واتایەکی نوێ.)) (عەبدوڵڵا،٢٠٢٢ :٢٠)لە میتافۆری بینراویشدا بەهەمان شێوە وشەکان جیا لە واتای بنەڕەتی خۆیان واتای نوێ نیشان دەدەن لەڕێگەی شوێنیان لە لاپەڕە و خاڵبەندی و هێڵشکاندنەوە شێوە یان چێوەیەک دروست دەکەن کە واتاییکی تر بە بینەر و خوێنەری شیعرەکە ببەخشێت. جا دەرخستنی هەست و سۆزی دەربڕینەکەبێت، یاخود نیشاندانی شێوە و وێنەیەک. کە ئەمەش دەبێتە هۆی کورتبڕی و چێژ لەلایەن خوێنەرەوە کە ئیتر لەمەوە شیعر تەنیا بابەتێک نییە بۆ خوێندنەوە بەڵکوو دەبێتە بابەتی بینینیش

### ٤.٥.٣ بەخشین ناسنامەیەکی تایبەت:

هەموو ئەو کەرەستە و هەڵبژاردنانەی کە شاعیر تایبەتمەندییە بینراوەکانی دەقەکەی پێ دەکێشێت ، مۆرکی تایبەتی شاعیر لەسەر دەقەکەی دەنەخشێنن، ئەمەش دەبێتە ناسنامەیەکی تایبەت بۆ شاعیر کە لە شاعیرانی تر جیای دەکاتەوە. دەشێت شاعیرێک هەبێت لە هێماکانی خاڵبەندی تەنهاچەند دانەیەکی کەم بەکاربهێنێت. لە بەرامبەردا شاعیرێکی تر هیچ خاڵبەندییەک بەکار نەهێنێت یان شاعیرێکی ترهێمایەکی خاڵبەندی زۆرتر بەکار بێنێت. ئەم جیاوازبوونە جیا لە خاڵبەندی دەشێت لە چێوەی نووسین و دێڕبەندی و تایبەتمەندی تیپەکانیشدا ببینرێت . ئەرکی شێوازناسیش لەم ڕوانگەوە بریتییە لە دیاری کردنی ئەم تایبەتمەندییانە و هەڵێنجانی مانا و وەڵامە نەبینراوەکانی پشتیان و دەرخستنی شێوازی تایبەتی شاعیر.

### ٥.٥.٣ ژینگەسازی و ڕینماییکردنی خوێنەر:

تایبەتمەندییە بینراوەکانی دەق کاریگەری زۆری بەسەر خوێنەرەوە هەیە، نووسەر گەر بێت و سەرتاپای دەق بە یەک پارچە بنووسێتەوە و دابەشی نەکات و هێڵەکان نەشکێنێت ئەوا خوێنەر نازانێت لە کوێی دەقدا بوەستێ و لەکوێدا دەست پێبکاتەوە کام وێنە لە کوێ دەست پێدەکات و لەکوێ کۆتایی دێت؟ شاعیر وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە لەڕێگەی تایبەتمەندییە بینراوەکانی دەقەکە دەداتەوە. لەڕێگەی خاڵبەندی و هێڵشکاندن و ناوچەی نووسین لەلاپەڕە. ئەگەر بێت و ناوچەی نووسین بەقەد ڕووبەری لاپەرەکەبێت واتا هیچ بۆشاییەک لە سەر و خوار و ڕاست و چەپی نووسینەکەوە نەبێت کە نووسین لە لێواری لاپەڕەکە جیابکاتەوە، ئەوا بێگومان خوێنەر تووشی

بێزاری دێت، هەر وەک  برینگهێرس ئاماژەی بۆ دەکات (دەق و ناوچەی نووسین بەیکەوە ئەندازەگیریەک پێکدێنن کە ئەم ئەندازەگیرییە دەتوانێت وا بکات سەرنجی خوێنەر بەرەو دەق ڕابکێشێت دەشتوانێت وا بکات کە خوێنەر لە دەق دوور بخاتەوە)( Bringhurst, ١٩٩٦, p. ١٤٥ )

### ٦.٥.٣ خوێندنەوەی بۆشایی:

ئاهەنگسازی دەق تەنیا لەسەر هەبوونی دەنگ فەراهەم نابێت، بەڵکوو هاوکات پشت بە بێدەنگیش دەبەستێ. لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی گونجاوتر دەق بخوێنینەوە، بەقەد ئەوەی کە دەەزانین لەکوێدا بەردەوام بین ئەوەندەش گرنگە بزانین لە کوێدا بوەستین و ماوەی ئەو وەستانە چەندبێ. خوێنەر بۆ گۆکردنەوە دەنگەکانی زمان و ئاوازەی ڕستەکان لەناو دەقی نووسراودا پشت بە هێماکانی خاڵبەندی و تیپەکان دەبەستێت، بەڵام بۆخوێندنەوەی ئەو ماوە بێدەنگیەی کە ڕستەکە مەبەستیەتی پێویستی بە تێگەیشتن لە ناسینەوەی ئەو هێمایانەی خاڵبەندی و هێڵشکاندن و بۆشاییانە دەبێت کە لە دەقەدا بۆ ڕێکخستنی وەستان و بێدەنگییەکان بەکارهاتووە.

# بەشی چوارەم

## ڕاستاندنی کارەکییانەی شێواز لە شیعرەکانی دلاوەر قەرەداغیدا

## (لە ڕوانگەیەکی گرافۆلۆجییەوە)

**١.٤) هێڵشکاندن و هێڵکاری دەق**

**٢.٤) خاڵبەندی**

**٣.٤) بۆشایی**

**٥.٤) شیکردنەوەی یەکگرتووی تایبەتمەندییە بینراوەکان**

**ئەنجامەکان:**

**لیستی سەرچاوەکان**

### ١.٤ هێڵشکاندن و هێڵکاری دەق

هێڵکاری دەق بریتییە لەو ڕووخسارەی دەق کە لە چۆنیەتی هێڵی نووسینی وشەکانکان و دابەشبوونیان بەسەر لاپەڕەدا درووست دەبێت. ئەمەش لەڕێگەی هێڵشاکاندنەکانەوە دەستکاری دەکرێت. مەبەستیش لە هێڵشکاندن **بریتییە** لە کۆتایی هێنان بە نووسینی هێڵێک و چوون بۆ هێڵی ژێرەوە بەبێ ئەوەی سنووری لاپەڕە یا پێویستییەکانی نووسین ناچارمان بکات. لە شیعرە هەڵبژێردراوەکاندا هێڵشکاندن لە هەموو دێڕەکاندا بەکار هاتووە بەڵام مەبەستی پشت هێڵشکاندنەکان جیاوازن و کاریگەری جیاوازیان هەیە ئەم جیاوازییەش دەکرێت بە پێی هەندێ هۆکار جیا بکرێتەوە، وەک تەواوبوون و تەواونەبوونی ڕێزمانیی هێڵەکان، تەواوبوونی واتای هێڵەکان، هەبوون یان نەبوونی خاڵبەندی و شوێنی هێڵشکاندن لە ناو هێڵەکەدا.

#### ١.١.٤ جیاکردنەوی ڕستەکان


بریتییە لەو هێڵشکاندەی کە لەدوای هەر ڕستەیەکەوە دێت کە لەڕووی ڕێزمانییەوە بە ڕستەی تەواو هەژمار دەکرێت و سنووری ڕستەکە دیاری دەکات و ڕێگری دەکات لە تێکەڵبوونی لەگەڵ ڕستەیەکی تر. بەتایبەت لەو دەقانەی کە خاڵ(.)ی تێدا بەکارناهێنرێت هێڵشکاندن دەشێت شوێنی خاڵیش بگرێتەوە. نمونە:

**"لە دڵما هەڵت دەگرم**

**لە چاوما دەتشارمەوە**

**لەسەر لەپی دەستم ڕۆت دەکەم**

**بە هەتاو دەتشۆم** "(قەرەداغی،٢٠٢٠: ٤٠٥)




لە حاڵەتی ئاساییدا و لەدەرەوەی دەقی شیعری ئەم ڕستانە لە پاڵ یەکتر بەم شێوەیە دەنووسرێن: (لە دڵما هەڵت دەگرم. لە چاوما دەتشارمەوە. ...) بەڵام لەم پارچە شیعرەدا لەدوای هەر ڕستەیەک هێڵشکێندراوە و وای کردووە لە هەر هێڵێک ڕستەیەکی تەواو هەبێ. گەر هێڵێکی وەک یەکەم هێڵ وەربگرین دەبینین(لە دڵما هەڵت دەگرم) هەموو پێکهاتەکانی ڕستەی تەواو کە فرێزی کاری و فرێزی ناوییە لەخۆ دەگرێت، هەر یەک لە هێڵەکانی تریش بە هەمان شێوە.

ئەم هێڵشکاندنە کاریگەری بەسەر خوێندنەوەی دەقەکەدا هەیە بەوەی لەپاش هەر ڕستەیەک وەستانێکی تەواو هەیە ئەمەش وا دەکات کاتێکی زۆرتر پێویست بێت بۆ خوێنەندەوە،هەروەها وچانێکە بۆ زیاتر سەرنج خستنە سەر ڕستەی پێشەوە و بیرکردنەوە لێی. بە پێچەوانەی بەشێک لە مەبەستەکانی تری هێڵشکاندن لەم جۆرە هێڵشکاندنەدا خوێنەر بۆشایی زانیاری بۆ دروست نابێت کە پەرۆشی بکات بۆ هێڵی دواتر.

### ٢.١.٤ جڵەوکردنی ڕەوتی وێناکردن

بریتییە لەو هێڵشکاندنانەی کە لە دوای ئەو پارچە ڕستانە دێن کە وێنەیەک دەخەنەمێشکی خوێنەرەوە، بەمەش هەر هێڵێک یەکەیەکی وێنەیی پێک دێنێت، لێرەدا مەرج نییە هەر هێڵێک تەواوی پێکهاتەکانی ڕستەی تێدابێت، بەڵکوو لە هەر هێڵێک وێنەیەک دەخرێتە ڕوو. بۆ نموونە:

**"هەمیشە بە ڕێگەیەکدا**

**کە دێتەوە سەر جادەی مێخەک** [ + وێنە ]

**وەک جەنگاوەرێکی تەڕ بە نائومێدی** [ + وێنە ]

**تا سەرئەژنۆ لە قوڕ و زوقم و بڵێسەدا** [ + وێنە ]

**بە ئاڵایەکی سپی و سەرێکی شۆڕەوە** [ + وێنە ]

**دەگەڕێمەوە لای تۆ.** " (قەرەداغی،٢٠٢٠ :٥٢٣)

لەم پارچە شیعرەدا هێڵەکان بەپێی وێنە دابەشکراون لەسەرەتاوە وێنەی ڕێگەیەک لە زەین دەکێشێت لە هێڵی دووەمدا ڕێگەکە دەبەستێتەوە بە جادەی مێخەکەوە و دواتر لە هێڵی سێیەم وێنەی کەسێک بەسەر جادەکەوە دەکێشێت کە وەک سەربازێکی نائومێد وایە لە هێڵی چوارەم بەشێکی تر بۆ وێنەی کەسەکە زیاد دەکات ئەویش بەشی خوارەوەیەتی کە تا سەرئەژنۆ لە قوڕ و زوقم و بڵێسەدایە. لە هێڵی پێنجەمدا بەشی سەرەوەی درووست دەکات کە بریتییە لە دەست و سەری کە ئاڵایەکی سپی بەدەستەوەیەوە و شێوەی سەری شۆڕە. ئینجا لە کۆتا هێڵ ئەو کەسەی کە کێشاومانە و ئاڕاستەکەیمان بۆ دەردەکەوێت کە منی ناو شیعرەکەیە و دەگەڕێتەوە بۆ لای تۆی ناو شیعرەکە هەموو ئەم هێڵانە بەشێوەیەکی ڕێک ڕیزبەندی کراون و ئەو هێڵشکاندنانەی کە لەدوای هەر بوشێکی وێنەکەدا هەیە یارمەتیدەرە بۆ پێدانی وچانێک بە خوێنەر تا بکارێت هەنگاو بە هەنگاو سەرنج بخاتە سەر بەشە وێنەکان و پارچە پارچە بە وریاییەوە وێنەکە دابڕێژێت و تێکەڵیان نەکات. گەر ئەم هێڵکشکاندنانە پشتگوێ بخرێن و لەپاڵ یەکدا ڕستەکە بنووسرێتەوە، ئەوا شوێنی وچانەکانی خوێندنەوە ون دەبن و وێنەکان تووشی تێکەڵاوی دێن. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە شاعیر لە بەشێک لە شیعرەکان هێڵشکێنی لەپێناو جیاکردنەوەی وێنەکان بەکارهێناوە.

### ٣.١.٤ تیشکخستنە سەر وشەیەک یان دەستەواژەیەک

بریتییە لەو هێڵشکاندنەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی وشەیەک یان دەستەواژەیەک بە تەنها بکەوێت هێڵێکەوە یان بکەوێتە ناوچەی سەرنجی هێڵ(کە بریتییە لە سەرەتای دێڕ و یەکەم شوێن کە بەر خوێندنەوە دەکەوێت لەگەڵ کۆتایی دێڕ کە دواشوێنە کە بەرخوێندنەوە بکەوێت خوێنەر دوای خوێندنەوەی وچانێکی هەیە بۆ زیاتر بیرکردنەوە لیی) لە کاتێکدا لە ڕووی ڕێزمانەوە پێویستە لەپاڵ کەرستەکانی تری ڕستەدا لە هەمان هێڵ بنووسرێت. نموونە١ :

**"دوو دەست... وەک دەستی دایکی میهرەبان**

**هەڵیگرت... لە باوەشی گرت و بە چرپە پێی گوت:**

**کوڕم بفڕە** [ ناوچەی سەرنج ]

**با لەوە زیاتر بەدیار چاوەڕوانییەوە ماتڵ نەبی"**

**(قەرەداغی،٢٠٢٠ :٤٥٤)**

هەر لەگەڵ سەیرکردنی ئەم چەند هێڵە ڕاستەوخۆ سەرنج دەکەوێتە سەر ڕستەی(کوڕم بفڕە) ئەمەش بەهۆی ئەو ئامادەکارییەیە کە شیعرەکە لە پێش و لەدوای ئەم هێڵە کردوویەتی بەوەی هێڵی درێژی داناوە تا ئەم هێڵە کورتە سەرنجی زیاتری بخرێتە سەر. بە پێچەوانەوە گەر بە شێوەیەکی وەک (کوڕم بفڕە با لەوە زیاتر بەدیار چاوەڕوانییەوە ماتڵ نەبی) بنووسرابا بەو ڕادەیە گرنگی بە ڕستەی (کوڕم بفڕە) نەدەدرا. بۆ منداڵێکی پاک لە سەرزەمینێکی پۆخڵدا فڕین تاکە چارەسەرە تاقانە بوونی ئەم ڕستەیە لەوێدا هەوڵدانێکی بۆ قووڵتر بیرکردنەوە لە وشەی (فڕین) سەرنج خستنەسەری.

نمونەی ٢:

**"مەحاڵ بوو نووسینەوەی**


**ورد و درشتی ئەم سەفەرە**

**مەحاڵ بوو تەرجومەکردنی سێبەر**

**بۆ دیوە ڕۆشنەکەی**

**مەحاڵ بوو تێگەیشتن لە تەنیایی"**

**(قەرەداغی،٢٠٢٠ :١٢٧)**




لە هێڵی سێیەم و پێنجەم ئەم پارچە شیعرەدا کۆتایی هێڵەکان بە شێوەیەکی نائاسایی داڕێژراوە لە حاڵەتی ئاساییدا دەنووسرێت( تەرجومە کردنی سێبەر بۆ دیوە ڕۆشنەکەی مەحاڵ بوو) بەڵام لێرەدا دوو جۆری لادان ئەنجامدراوە، یەکەمیان لە ئاستی ڕستەسازیدایە کە شوێنی نیهاد و گوزارە ئاڵوگۆڕ کراوە. دووەمیان لە ئاستی گرافۆلۆجیدایە بەوەی هێڵەکە لەشوێنێکی نائاسایی کۆتایی پێ هێنراوە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی وشەی سێبەر وەستانێکی بە دواوە بێ و ئەو وەستانە کات بە خوێنەر دەدات باشتر هەڵوەستە لەسەر وشەکە بکات. ئەمەش بەوە دەناسرێتەوە کە وشەکە فەرهەنگی بێت و میتافۆر یان پارادۆکس یان بەهەر جۆرێکی تر قورساییەکی واتایی لەخۆیدا هەڵگرتبێت و هەوڵدەدرێت لەڕێگەی هێڵشکاندنەوە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و جەختی لێ بکرێتەوە. لە هێڵی پێنجەمیش هەمان کردار ئەنجامدراوە کە تێیدا جەخت لەسەر تەنیایی کراوەتەوە.

هاوکات کۆتایی هێنانی هێڵی سێیەم بە سێبەر زەمینەسازی کردووە کە وشەی سێبەر و ڕۆشنایی لە هێڵی چوارەم بکەونە کۆتایی هێڵەکەوە و پارادۆکسی نێوانیان زەقتر بکرێتەوە. لە هێڵی پێنجەم و شەشەمیش هەمان کردار ئەنجام دراوە و تەنیایی و جادە کەوتوونەتە کۆتایی هێڵەکان بەمەش پارادۆکسی نێوانییان جەختی لەسەر کراوەتەوە لەمەوە تێدەگەین تەنیاییەکە بریتیی نییە لە تەنیاییێکی ڕووکەشی و دووربوون لە خەڵک چونکە جادە پڕە لە خەڵک بەڵکوو تەنیاییەکە تەنیاییێکی ناخەکییە.

### ٤.١.٤ وێنەکردنی واتا

هێڵشکاندن و هێڵکاری دەق وەک تایبەتمەندییێکی بینینەکی دەق، بەتەنها دابەشکردنێکی ئاسایی نییە لە ناو شیعدا. لە زمانی ئاسایی و نووسیندا هێڵەکان بەپێی درێژی سنووری نووسین لە لاپەڕە درێژ دەبنەوە یان دەشکێنرێن. ئەمەش تەنها وێنەیەکی ڕێک نیشانی خوێنەر دەدات نەک هونەری، بەڵام هەرچی دەقی شیعریە هێڵەکان لە یاسا و شێوە باوەکان لادەدەن شاعیر خۆی هەڵی دەبژێرێت لە کوێ هێڵ بشکێنێت لە کوێ بەردەوام بێت. هێڵکاری دەق بەپێی ویستی ئەم دادەڕێژرێت. زۆر جار

هێڵكاری دەق تەنها بریتی نییە نوێنەری دەنگەکان بەڵکوو(( درک بەوە دەکرێت کە هەر ڕێکخستنێکی شیعری خۆی جۆرێکە لە مانا)) (Olaogun, ١٩٩١, p. ١١٠) بەڵکوو زۆرجار وەک تەواوکاریەک بۆ وشەکان ئەمیش خۆی دەبێتە جۆرێک دەربڕین و وێنەی واتاکان نمایش دەکات بە شێوەیەکی بینراو.


نمونە١:

**"هەتا ساوای بفڕە کوڕم**

**هەتا سووکەڵەی**

**بفڕە... کوڕم**

**بفڕە**



**هەتا ئاسمان جێگای فڕینێکی تری تێدایە!"** (قەرەداغی،٢٠٢٠ :٤٥٥)

لەم دەقەدا کە باس لە داگیرکردنی ژیانی کۆڤانە، کە هیچ شتێکی بۆ نەماوەتەوە نە یاریکردن لە سروود وتنەوە...هتد فڕینیش وک تاکە ڕێگە بۆ دەربازبوون لەم ژانە نیشان دراوە. بەڵام شاعیر دەڵێت گەر پەلە نەکات و لە وادای خۆی نەفرڕێت ئەوا فڕینیش نامێنێت بۆی. بە سەرنجدان لەم نمونەی سەرەوە ئەوە بەدی دەکرێت کە شاعیر لەڕێگەی شکاندنی هێڵەکانەوە هێلکارییێکی لەسەر لاپەرەکە نەخشاندووە، ئەمیش لە شێوەی چەند هێڵێک دەردەکەوێت کە تا دێت کورت دەبێتەوە و شوێنی وشەیەک کەم دەبێتەوە، وەک لە هێلکارییەکەدا دیارە. سەرەتا چوار وشەیە، هێڵی دواتر دوو وشەیە، هێڵی دواتر دوو وشەیە بەڵام کورتتر لە هێڵی پێشوو، لە دواجاردا تەنها جێگای یەک وشە ماوە کە وشە(فڕینە)، ئەمەش وێناکردنەوەی ئەو مانایەیە کە خەریکە جێگای وشەی فڕین نامێنێ وەک چۆن خەریکە جێگای خودی فڕینیش نامێنێت.

لە کۆتاییشدا زمان و وێنەکە یەکتری تەواو دەکەن کە دەڵێت: ( هەتا ئاسمان جێگەی فڕینێکی تری تێدایە!). ئەمە وێڕای ئەوەی ئەم هێڵشکاندن و کورت کردنەوەی ڕستەکان گوزارشتە لە خێرایی و پەشۆکاوی قسەکەر کە وردە وردە دەرفەتی ئەوەی نامێنێت پەیامەکەی بگەیێنێت بۆیە دەیەوێت بە خێرایی و بە یەک وشە ئەوەی هەیە بیڵێت.

نمونە٢:

"سێوەکانم دەڕژێن

بەرەو خوار غلۆر دەبنەوە


قاچ هەڵدەکەم

بەدوایاندا ڕادەکەم بۆ گوێ ڕووبارەکە

ڕادەکەم

ڕادەکەم

هەر ڕادەکەم



لەوسەری دونیا یەک دوانێکیان دەگرمەوە" (قەرەداغی،٢٠٢٠ :٥٢٥)

لە نمونەی سێیەمدا دەبینین کە چۆن لە ڕێگەی هێڵشکاند و پێکهێنانی هێڵکارییەک وێنەی ئەو تلۆر بوونەوە کێشراوە کە لەم سەرەوە بۆ ئەو سەری هێڵی دواتر وشەی (ڕاکردن) ئاڕاستە کراوە. وەک بڵێت: لەمسەری دونیاوە بۆ ئەو سەری دونیا ڕادەکەم و تلۆر دەبمەوە وەک چۆن وشەکانی ئەم دێڕانە لەمسەری هێڵەوە دەست پیدەکەن بۆ ئەوسەر.

ئەمەش وادەکات لەڕیگەی بینینی دێڕەکانەوە مانا ببەخشێت نەک تانها خوێندنەوە. دەبێت ئاماژە بەوەش بدرێت، کە ئەم وێناکردنانە لای دلاوەر قەرەداغی دەقەکەی نەکردۆتە دەقێک کە بۆ خوێندەنەوە نەشێت وەک هەندێک لەو شیعرە وێنەییانەی کە تەنها بۆ بینین دەشێن بە خوێندنەوە و دەنگ ماناکانیان لە بەین دەچێت. چونکە لای دلاوەر قەرەداغی مانا تەنها پشت بە هێڵکاری نابەستێت بەڵکوو هێڵکاری وەک تەواوکاری دەربڕین کاردەکات و ئاستی جوانیە بینینەکیەکانی دەقەکە بەرز دەکاتەوە. دەقەکەش لە شیاوی خۆی ناکەوێت بۆ خوێندنەوە.

### ٥.١.٤ ڕێکخستنی ڕەوتی خوێندنەوە و مۆسیقا

ڕەوتی خوێندنەوە بریتیە لەو وەستان و بەردەوامبوون و بێدەنگیانەی کە لە خوێندنەوەی شیعردا هەیە. گەر لە شیعری کلاسیک لە هەموو دێڕێک سەروا ئەو شوێنەبوو کە تێیدا بوەستین بەبێ گوێدانە هەست و واتا. بەڵام مۆسیقای شیعری هاوچەرخ (( لە قەسیدەدا لە "یەکەیەک"ی پڕ لە ڕیتم و ئاوازی هەمەجۆر پێکدێت، دەبێتە وێنەیەکی مۆسیقای بارگاوی بە تێگەیشتن و تێر بە مەبەست، دەلالەتی هەست دەگەیەنێت و خوێنەر بەرەو قووڵایی واتا دەبات، بەبێ ئەوەی لەم دیتنکارییەدا تووشی ئاستەنگ و بەربەست بێت))(مەحموود، ٢٠٠٩: ٨٤) واتا لەم دەقانە هەست و مۆسیقا دووشتی جیاوازنین بەڵکوو هەردووکیان تەواوکەری یەکترن و بۆ هەمان مانا خوێنەر ئاڕاستە دەکەن. بە واتایەکی تر شوێنی وچان و وەستان لەم دەقانە ڕەنگدانەوەی هەمان دەربڕینە لە کاتی ئاخاوتن و خوێندنەوەدا.

شاعیر لە ناخی خۆیدا چۆن دەقەکە دەخوێنێتەوە لە کوێ دەوەستێ لە نووسیندا لەوێ هێڵ دەشکێنێت، لە خوێندنەوە ناخەکییەکە لە کوێ کۆمەڵێک وشە بەسەریەکەوە دەڵێت لە نووسیندا هەمان کۆمەڵە وشە بە تەک یەکەوە و لە یەک هێڵ دەنووسێ بێ هێڵشکاندن(هەڵبەت ئەمە بە شێوەیەکی ڕەها ڕاست نییە چونکە هێڵشکاندن بەو مەبەستانەش بەکار دێت کە پێشووتر ئاماژەی پێکرا، بەڵام دواجار بە شێکی زۆری هێڵشکاندنەکان ڕەنگدانەوەی ڕەوتی خوێندنەوەی شاعیرن) بۆ نموونە گەر سەرنجی ئەم چەند دڕە بدەین:

**"ئەوانە خزمی من بوون**

**خزمی نزیک**

**ئەوان بە ڕوانین دەفڕین و**

**بە نیگا خۆیان لە یەکتردا دەشت**

**ئەو عەتارانەش**

**کە یەکەمین حەرفی ناوەکانیان**

**دوورییە .... دوورییە**

**دووریی "** (قەرداغی،٢٠٢٠ : ١٨١)

لەم نمونەدا لەگەڵ هەر هێڵشکاندنێکدا وەستانێک هەیە لە ڕەوتی خوێندنەوە کە ڕێگری دەکات لەوەی چاو ڕاستەوخۆ وشەی دواتر ببینێت ئەمەش ڕێگر دەبێت لەوەی بە یەکپارچە بخوێنرێتەوە ئەمەش ئەمەمان پێدەڵێت کە گەرچی (دەقێکی نووسراو ڕاستەوخۆ خاوەنی ڕەهەندی فۆنۆلۆژیی -دەنگی- نییە، بەڵام ناتوانرێت توانستە دەنگییە شاراوەکانی وشەی نووسراو پشتگوێ بخرێن، چونکە شێوازی نووسین لە کاتی خوێندنەوەدا دەبێتە دەنگ ئەمەش لە چۆنییەتی نووسینەکەوە جلەو دەکرێت) (Leech & Short, ٢٠٠٧: ١٠٥) بۆ ئەوەی جیاوازیەکە ڕوونتر بێت هەمان دێڕ سێیەم و چوارەم بە شێویەکی تر دەخەینە ڕوو:

| ڕەسەن | دەستکاریکراو |
|---|---|
| ئەوان بە ڕوانین دەفڕین و (وەستان)<br>بە نیگا خۆیان لە یەکتردا دەشت (وەستان) | ئەوان (وەستان)<br>بە ڕوانین دەفڕین و بە نیگا (وەستان)<br>خۆیان لە یەکتردا (وەستان)<br>دەشت (وەستان) |

لە خوێندنەوەی دێڕە ڕەسەنەکە کاتێکی کەمتر پێویستە چونکە تەنها یەک وەستان هەیەو چاو بە دوو تەوژم هەردووکیان دەخوێنێتەوە، بەڵام لە دێڕە دەستکاریکراوەکە کاتێکی زیاتر پێویستە بۆ خوێندنەوە چونکە سێ وەستان هەیە هاوکات هەڵوەستە کردنێکی زیاتر هەیە لەسەر وشەکان هەروەها لە کۆتاییدا لەبەر ئەوەی هێڵەکان کورت و کورتتر دەبنەوە، لە خوێندنەوەدا لە شێوەی کپبوونێک خۆی دەنوێنێت کە ئەمە بۆ ناوەڕاستی کۆپلە شیاو نییە. بەڵام گەر نمونەیەک لە شیعرێکی تر بخەینە ڕوو ئەوا هەست بە ڕێکی و گونجاوی ئەو کپبوونە دەکرێت کە چۆن لەگەڵ واتادا تەریب دەبێت:

**"دەنووسم لەم شارە ساردانەدا**
**بەبێ ئەوەی بزانم**
**کە نووسین**
**دەمداتە دەست شارانێکی زۆر زۆر** ( ♫♫♫♫♫ )
**لەم شارانە** ( ♫♫ )
**ساردتر** ( ♫ )
( )
**..." (قەرداغی،٢٠٢٠ : ٦٠٠-٦٠١)**

لەم نمونەدا لە دێڕی چوارەم وەستان لە دوای پێنجەم وشەوەیە، لە دێڕی پێنجەم وەستان دوای دووەم وشەوەیە لە دێڕی کۆتایی دوای یەکەم وشەوەیە و دواتر هێڵێکی بەتاڵ هەیە کە هێچ وشەیەکی تێدا نییە. ئەمەش وای کردووە وردە وردە دەنگ لە زۆرەوە بۆ کەم و نەمان بچێت و لە شێوەی کپبوون خۆی نیشان بدات.وەک دەترێت (( کۆتایی هەموو شەپۆلەکانی مۆسیقا، لە قەسیدەی هاوچەرخدا بەسەروا دادەنرێت. هەڵوەستەی هەناسە و دەروونی هەڵچوو تێیدا ئارام دەگرێت)) (مەحموود، ٢٠٠٩ :٩٠) کەوایە هێڵشکاندن وەک تایبەتمەندییکی بینینەکی هۆکارێکە بۆ ڕێکخستنی ڕەوتی خوێندنەوە و مۆسیقای دەق ئەم مۆسیقایەش نوێنەر هەست و سۆزی دەقەکەیە.

### ٢.٤ خاڵبەندی

له زمانی ئاساییدا خاڵبەندی واتای ڕستەکان ڕوونتر دەکاتەوە و ڕێنوێنی خوێنەر دەکات کە چۆن دەقەکە بخوێنێتەوە و لە کوێ ڕاوەستێ و لە کوێ بەردەوامبێ و ...هتد بەڵام لەناو دەقە ئەدەبیەکان و بەتایبەتیش لەناو شیعردا، خاڵبەندی ئەو چوارچێوەیە دەشکێنێت. هەر وەک لیچ دەڵێت( شاعیر وەک پالێتی وێنەکێشان ئەم تایبەتمەندییە بینراوانە بەکاردێنێت) (Leech, ١٩٦٩, p. ٤٧) ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە لە شیعرەکانی دلاوەر قەرەداغیدا خاڵبەندی تەنها بریتیی نییە لە ئاڕەستەکاری دەربڕینەکان، بەڵکوو خۆی بەشێکە لە دەربڕین. خاڵبەندی وەک تەیبەتمەندییێکی گرافۆلۆجی لە شیعرەکاندا بە چەند شێوەیەک بەکار هاتووە کە دیارترینیان لێرەدا بە نمونەوە دەخرێتە ڕوو کە ئەمانەن:

#### ١.٢.٤ خاڵبەندی وەک ئامرازی دەربڕین:

لە زمانی ناشیعریدا خاڵبەندی تەنها وەک ڕوونکەرەوەیەک بەکار دێت بەڵام لە زمانی شیعردا دەبێتە ئامرازێک بۆ دەربڕینی هەست و دیمەن و شێوەی ڕستەکان. جیا لەو شێوانەی لە خاڵبەندی ئاسایی هەیە. نمونەی هەرە باو لە شیعرەکانی دلاوەقەرەداغیدا بریتییە لە سێ خاڵ (...) بە پێی ئەو سەرچاوانەی لە خاڵبەندی دەدوێن لە زمانی ئاساییدا سێ خال ((لەبری وشە، ڕستە، کە قرتێنراوە، بە مەبەستی کورتکردنەوە بەکار دێت))(هاشمی، ٢٠٢٤ : ٩٠) بەڵام لە شیعردا ئەم هێمایە گوزارشتی تر هەڵدەگرێت و وەک هۆکارێکی دەربڕین بەکار دێت لەوانە:

##### ١.١.٢.٤ دەربڕینی وچان و بیرکردنەوە

**نمونە١:**

**" ژنێک خەریکی بنێشت جووینە و**
**بە پەنجەکانی شتێک دەژمێرێ**
**یەک... دوو... دە**
**نەوەد... سەد"   (قەرەداغی،٢٠٢٠: ٨٤)**

لە نێوان ژمارە یەک و دوودا هیچ ژمارەیەک نییە تا بقرتێنرێت بەڵام کە لەوێدا سێ خاڵ هاتووە ئەمە جۆرێکە لە لادان لەو حاڵەتە ئاساییانەی هێمای سێ خاڵ تێیدا بەکاردێت. گەر بهاتبا و ئەو سێ خاڵە دانەنرایە بە ئاسایی دەنووسرا ( یەک، دوو ، سێ) بەڵام سێ خاڵ لێرەدا بەرجەستەکردنی کاتە بە شێوەیەکی بینراو، چونکە مەبەست لێی ئەو وچانەیەکە کە (ژنەکە) لە نێوان ژماردنی (شتەکە) دەری دەبڕێت، واتە لە نێوان هەر ژماردنێک بیرکردنەوە و وەستان هەیە، ئەم هێمایەش لێرەدا گوزارشتە لەو وچان و بیرکردنەوەیە و کات وەک ڕەهەندێکی بینراو بەرجەستە کراوە، خوێنەریش کە دەیخوێنێتەوە کاتێکی زیاتری پێویستە وەک لەوەی ژمارەکان ڕاستەوخۆ دوای یەک بنووسرابان.

نمونە ٢:

**"بەدەم فیکە کێشانەوە... فیکەی عیشق**

**دوکانەکەی دەکاتەوە "** (قەرەداغی،٢٠٢٠ :٤٨٩)

لەم نمونەیەشدا دەبینین سەرەتا باسی ئەوەدەرێت کە تەنیایی (کە لە دەقەکە بە کەس کراوە) خەریکی فیکە کێشانە، بە دوایەوە هێمای سێ خاڵ (...) دێت کە ئاماژە بە وچانێک بۆ بیرکردنەوە دەکات لەو فیکە کێشانە. دواتر ڕاستەوخۆ ئەنجامی بیرکردنەوەکە دەخاتە ڕوو. ئەنجامی بیرکردنەوەکەش تێگەیشتنە لە فیکەکە کە (فیکەی عیشقە) نەک فیکەیەکی ئاسایی. ئەم جۆرە لە بەکار هێنانی ڕێزمان و بەکارهێنانە باوەکەی خاڵبەندی تێدەپەڕێت و تێیدا خاڵبەندی پاشکۆی وشە و ڕستەکان نییە بەڵکوو خۆی بەشێوەیەکی سەربەخۆ مانای هەڵگرتووە و هاوشانی وشە ماناکان دەردەبڕێت.

### ٢.١.٢.٤ دەربڕینی دووری

نموونەی ١:

**" نیشتمان سەرزەمینێکی دوورە ... دوورە**

**دوور"** (قەرەداغی،٢٠٢٠ : ١٨٢)

نموونەی ٢:

**"من لەوێدا بووم ... لەو بەرزاییە**

**پەپوولە دابوویە دڵم "** (قەرەداغی،٢٠٢٠ : ١٢٧)

لە هەر یەک لەو نمونانەی سەرەوە سێ خاڵ هێمایەک نییە بۆ بەشێکی قرتێنراو، بەڵکوو شاعیر بەکاری هێناوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بەرجەستە دووری نیشان بدات لە نێوان خۆی نیشتیمان، خۆی و بەرزاییەکە، بۆ ئەم مەبەستەش سوودی لە سێ خال وەرگرتووە لە هەردوو نمونەکەشدا نیشانەیەکی تری ئەم دووریە دەبینرێت. لە نمونەی یەکەم خودی وشەی دوور پشتڕاستی دووریەکە دەکاتەوە. لە نمونەی دووەم ئاوەڵناوی نیشانەی(لەو...ە) بەکارهاتووە کە تایبەتە دیارخراوێک کە دووربێت. کەوایە شاعیر ئەندازیارانە زمان و تەیبەتمەندییە بینراوەکانی هاوئاهەنگ کردووە لە خزمەت دەربڕینی هەستی نێو شیعرەکەی نەک تەنها بە تیپەکان بەڵکوو بە خاڵبەندیش.

### ٢.٢.٤ خاڵبەندی وەک خاڵی چڕبوونەوەی واتا

نیشانەکانی خاڵبەندی هەر یەکەکیان شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە، کاتێکیش یەکێکیان لە شوێنی یەکێکی تریان بەکار دەهێنین لادان و شکانی چاوەڕوانی خوێنەری لێ دەکەوێتەوە. لە بنەڕەتدا یەکێک لە ئەرکەکانی نیشانەی سەرسوڕمان (!) بریتییە لە جەخت کردنەوە لە ڕستەی فرماندان، یان هەواڵێکی سۆزئامێز و هەڵچوون کە لە دوای ڕستەکانەوە دادەنرێت. بەڵام لای شاعیر زۆرجار ئەم هێمایە لە تەک وشەیەک یان دەستەواژەیەک بە تەنیاش دەردەکەوێت. لەو شوێنانەش دەردەەوێت کە ڕستەی فەرمانی نیین و ئەو دەستەواژانەیشیان تیا نییە کە هەڵچوون و سۆز نیشان

دەدەن. ئەمەش بە زۆری لە کۆتایی کۆپلەکاندا دەردەکەوێت و مەبەستیش لێی خاڵی چڕبوونەوەی سۆز و گەیشتنە بە لوتکەی کۆپلەکە.

نمونە ١:

**"تۆ لە جادەی مێخەکدا**

**فرۆشیارێکی گەڕۆک**

**هەر جارە و شتێ دەفرۆشی**

**جارێک بەخت**

**جارێک... ئازادی بە شەرتی چەقۆ**

**جارێک کێشکەی فڕیو**

**جارێک شەکرلەمەی باران**

**هەندێ ئێوارەش هاوار دەکەی:**

**کوڕینە... وەرنەوە بۆ تەنیایی مێخۆشی شارەبان! " (قەرەداغی، ٢٠٢٠ :٥٢٤-٥٢٥)**

لەم کۆپلە شیعرەدا تەنها یەک هێمای سەرسوڕمان بەدی دەکرێت ئەمیش دەکەوێتە کۆتایی کۆپلەکە، لە کاتێکدا دەتوانرا لە هەر یەک لە ڕستەکانی کۆپلەکە ئەم هێمایە وەک جەختکردنەوە بەکار هاتبایە بە تایبەت لە(تەنیایی بە شەرتی چەقۆ!) یاخود (کێشکەی فڕیو!) کە لە بەرامبەر کێشکەی کوڵاوی زمانی ئاسایی بە شێوەیەکی ئایرۆنە بەکار هاتووە، بەڵام شاعیر لە هیچ هێمایەک بەکار ناهێنێت ئەمەش خێرای خوێندنەوەی دێڕەکان زیاد دەکات لە لە کۆتاییدا هێمای سێ خاڵ(...) بەکار دەهێنێت کە بەرجەستەکردنی بێدەنگییەکی دوای بانگ کردنە و دەبێت هۆی ئامادەکاری بۆ دەرکەوتنی سەرسوڕمانە گەورەکە کە بریتییە لە(تەنیایی مێخۆشی شارەبان!) لێرەدا هێمای سەرسوڕمان تەنها ئاماژەدان نییە بە تۆنی هاواری فرۆشیارەکە بەڵکوو هۆی ئەوەشە کە لە کۆتا دێڕی کۆپلەکەدا شاعیر دەگاتە لوتکەی هەژەند بەهۆی نائاسایی بوونی دێڕەکە کە بریتییە لە فرۆشتنی تەنیایی کە چەمکێکی نابەرجەستەیە لەڕووی سیمانتیکیەوە نافرۆشرێت هەروەها لادانێکی تری واتایی کە پێبەخشینی تامە بە تەنیایی ئەمەش دەبێتە لادانێکی تر لەدوای لادان و لوتکەی کۆپلەکە. ڕاستەوخۆ دوای ئەمە بێدەنگیەک دێت( کە بەشێوەی هێڵشکاندن و پاشان هێڵێکی بەتاڵ لەسەر لاپەڕە دەردەکەوێت). ئەمەش دووبارە جەختردنە لەسەر چڕبوونەوەی سەرسوڕمان لە کۆتا دێڕ.

نمونە٢:

**"لە تۆدا دێم**

**لە تۆدا دەبارم**

**لە تۆدا دەنۆڕم**

**لە تۆدا تووڕە دەبم**

**لە تۆدا دەنووسم**

**لە تۆدا دەڕەومەوە و**

**لە تۆدا ون دەبم!**

**..."  (قەرەداغی، ٢٠٢٠ : ٤٠٤)**

لەم کۆپلەیەشدا لە دەقی(لە چواڵە عاشقتر) چەندین دێڕ دەبینرێت بەبێ هێمای خاڵبەندی دواتر لە کۆتا دێڕدا  هێمای سەرسوڕمان دادەنرێت، واتە سەرەتا بەهۆی نەبوونی خاڵبەندییەوە خێرایی خوێندنەوە زیاد دەکات و هیچ پچڕانێک نییە تا لە کۆتایی دا خوێنەر بەر لوتکەی کۆپلەکە دەکەوێت وبە هێمای سەرسوڕمانێک دەوەستێنرێت کە وادەکات خوێنەر ڕابمێنێت لە  ونبوونە لەناو (تۆ)ی شیعرەکەدا. وەک بڵێت هە موو شتێک لە تۆدا دەکەم و دواجار نەمان و ونبوونیشم هەر لە ناو تۆدایە. ئەمەش نیشانەی گەیشتنە بە لوتکەی کۆپلەکە. هێمای سەرسوڕمان لێرەدا ڕامان دروست دەکات لای خوێنەر کە بۆچی لە دێڕەکانی پێشوو ئەم هێمایە نەهات بۆچی لێرەدا هات؟

## ٤.٢.٣ لادان لە ڕێژەی خاڵبەندی

خاڵبەندی  یەکێکە لە کەرستەکانی نووسین. گرنگیەکی تایبەتی پێدەدرێت لە زمانی ڕۆژانە،  لە ئەدەبیاتیشدا مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ دەکرێت و لە شێوازە بەکارهێنانە باوەکەی دەردەچێت. لادان لە ڕێژەی خاڵبەندی بریتییە لە بەکارهێنانی ڕێژەیەکی نائاسایی لە هێماکان بە بەراورد بە زمانی ئاسایی. ئاسایی بۆ دیاریکردنی ئەم لادانە، سەرەتا پێویستە ڕێژەی ستاندارد لە زمانی ئاساییدا دیاری بکرێت، کە لەم توێژینەوەیەدا پەنا براوەتە بەر پێنج وتاری ڕۆژنامەیی وەک نموونەی زمانی ستاندارد[١]. بۆ ئەم مەبەستە ئەم هاوکێشەیە جێبەجێ کراوە: $١٠٠ \times \frac{\text{ژمارەی هێماکانی خاڵبەندی}}{\text{ژمارەی کۆی وشەکان +خاڵبەندی}} = \text{ڕێژەی خاڵبەندی}$

ئەم پێوەرە بۆ زمانی ئاسایی  ڕێژەکەی لە نێوان (٦-١٥٪) دایە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە بە بەراورد بەم ڕێژەیە سێ جۆر لادان دێتە کایەوە کە بریتین لە:

١- نەبوونی خاڵبەندی (٠٪)

٢- کەمی بەکارهێنانی خاڵبەندی ( لە نێوان ١٪ و ٥٪)

٣- زیادی بەکارهێنانی خاڵبەندی ( سەرووی ١٥٪)

ئەم ڕێژەیە وەک ڕێژەی بەکارهێنانی  ئاسایی خاڵبەندی وەرگیرا. دواتر هەمان پێوەر بۆ ئەو هەڵبژاردەیە لە شیعری دلاوەر قەرەداغی  بەم شێوەیە بوو: $١٠٠ \times \frac{٢٦٠}{٢٦٠+٧٢٦٨} = ٣.٤٢$ وەک دیارە ڕێژەی بەکارهێنانی هێماکانی خاڵبەندی لای قەرەداغی بریتییە لە(٣,٤٢٪)بە بەراورد لەگەڵ زمانی ئاسایی جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت شاعیر لادانی لە ڕێژەی خاڵبەندی کردووە و جۆری لادانەکەش کەمی خاڵبەندییە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت لەو شوێنانەی لە زمانی ئاسایی خاڵبەندی هەیە شاعیر دای نەناوە لە پێناو چەند ئامانجێک  کە یەک یەک ڕوونیان دەکەینەوە:

### ٤.٢.٣.١ ئازادی خوێنەر

خاڵبەندی وەک کەرستەیەکی تایبەت بە دەقی نووسراو، ئەرکە سەرەکییەکەی دەرخستنی شێوەی بەدەنگکردنی نووسراوەکانە، بە واتاییێکی تر خاڵبەندی ((چۆنییەتی پێکهاتن و خوێندەنەوەی

---

[١] بۆ دیاریکردنی ڕێژەی خاڵبەندی لە زمانی ئاسایی، پێنج وتاری ڕۆژنامەیی بە نمونە وەرگیراون، چونکە زمانێکی ستاندارد و نێوەندگیرە. دواتر ئەم هاوکێشەیان لەسەر جێبەجێ کرا. ئەنجامەکەی بۆ هەر وتارێک بەم شێوەیە بوو: ١- ١٥٪ (حەمەسەعید حەسەن، ٢٠٢٦)  ٢- ١٠٪ (تاهیر، ٢٠٠٩) ٣- ٦%(ئەسپینداریی،٢٠٢٦) ٤-٧% (بەکر کەریم حەسەن، ٢٠٢٦) ٥-١٤٪ (عەبدوڵلا، ٢٠٢٦)

ڕستەکە بە خوێنەر نیشان دەدەن)) (قارەمان، ٢٠٢٠ : ٦) بە هەمان شێوە کەمیی خاڵبەندی واتای ئەوە دەگەیێنێت کە شاعیر نەی ویستووە هەمیشە ڕوونکردنەوە بە خوێنەر بدات کە چۆن دەقەکە بخوێنێتەوە. ئەمەش گەڕاندنەوەی ئازادییە بۆ خوێنەر لەوەی کە چۆن ڕستەکان دابەش بکات و لە کوێ دا بوەستێ و لە کوێدا بەردەوام بێت ئەمەش وا دەکات دەق بە زیاتر لە شێوەیەک بخوێندرێتەوە و بە زاتر لە شێوەیەکیش لێک بدرێتەوە.

نمونە:

**" لەم شارە ساردانەدا باخچەکان لە کونی ژوورەن**

**بەفر لە ژوورەوەیە**

**جادە لە ژوورەوەیە**

**هەتاو لە ژوورەوە**

**مردن لە ژوورەوە**

**کەچی هەمیشە دونیا**

**لە دەرەوەی ئەم شارە ساردانەدا**

**دەسووتێ! "** (قەرەداغی، ٢٠٢٠ : ٦٠١)

لەم نموونەیەدا جگە لە کۆتا دێڕ هیچ دێڕێکی تر خاڵبەندی تێدا بەکار نەهاتووە ئەمەش وای کردووە خوێنەر بە چەند شێوەیەک بی خوێنێتەوە. گەر سەرنج لە چوارەم و پێنجەم دێڕی ئەم نموونەیە بدرێت دوو ئەگەر هەڵدەگرێت یەکەمیان بە دانانی خاڵ لە کۆتایی ئەم ڕستانە دابڕان دروست دەبێت لەگەڵ ڕستەی دوای خۆی واتا (هە تاو لە ژوورەوەیە.) (مردن لە ژوورەوەیە.) کە ئەو کات دەبێت کاری (بوون) کرتێنرابێت، تا خۆی بەدوور بگرێت لە دووبارەبوونەوە.

دووەم ئەگەر دانانی بۆر(،)ە بەمەش واتا پەیوەست دەبێت بە ڕستەی دوای خۆیەوە، کەوایە ڕستەکان وایان لیدێت( هەتاو لە ژوورەوە دەسووتێت، مردن لە ژوورەوە دەسووتێت، کە چی هەمیشە دونیا لەدەرەوەی ئەم شارە ساردانەدا دەسووتێت) ئەمەش واتا کاری (سووتان) لە ڕستەکە کرتێنراوە. لێرەدا هەردوو لادانی ڕستەسازی و گرافۆلۆجی تەواوکاری یەکترن کرانەوە و فرە مانایی دەربڕینەکان بە واتایەکی تر کەمیی خاڵبەندی لێرەدا دەق لە داخراوییەوە دەگۆڕێت بۆ کرانەوە و فرەمانایی.

#### ٢.٣.٢.٤ پشتبەستن بە هێڵشکاندن

وەک لە پێشوو ئاماژەمان پێکرد هێڵشکاندن زۆرجار نوێنەری وەستانی دەنگە لە خوێندنەوە، جا وەستانەکان کورت بن(وەک لە ناوەراستی کۆپلەکاندا هەیە) یاخود درێژ بن( وەک لە کۆتایی کۆپلەکان هەیە کە هێلێکی بەتاڵان لەدواوە دێت). ئەمەم توانایەی هێڵشکاندن بۆ نواندنی وەستانەکان ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی شاعیر کەمتر پشت  بە بۆر(،) و خاڵ(.) ببەستێ کە ڕێژەکەیان تەنها (١٧,٦٩)یە لەسەر ئاستی کۆی خاڵبەندییەکان.

نمونە:

**"لەبەر پەپوولە ڕێ نەبوو بڕۆین**
**من لەو گالیسکەیەدا بووم**
**کە دوو ئاسک ڕایان دەکێشا "** (قەرەداغی،٢٠٢٠ : ١٢٦)

لەم نمونەدا سێ ڕستە دەرکەوتووە کە بەپێی یاسا و ڕێساکانی خاڵبەندی دەبووایە وا بنووسرابان( لەبەر پەپولە ڕێ نەبوو بڕۆین. من لەو گالیسەکەیەدا بووم، کە دوو ئاسک ڕایان دەکێشا.) بەڵام چونکە لە ڕستەی یەکەم وسێیەم وەستانی تەواو هەیە و مانا تەواو دەبێتبۆیە دەبوو خاڵ(.) دابنرێت. لە ڕستەی دووەمیش وەستانیکی کاتیی هەیەی چونکە پەیوەستە بە ڕستەی دوای خۆیەوە بۆیە دەبوو بۆر (،) دابنرێت. بەڵام شاعیر لە بری ئەوە هێڵەشکاندنی بەکار هێناوە و ئەمەش وا دەکات وەستان و وچانەکان دروست بن و قەرەبووی نەبوونی خاڵبەندییەکە بکاتەوە.

### ٣.٣.٢.٤ جەختکردنەوە

زۆربوونی خاڵبەندی وادەکات دەقەکە زۆرلە قاڵبدراو دەرکەوێت ئەمەش هەم ڕووخساری دەقەکە قەرەباڵغ دەکات هەم ئازادی لە خوێنەر دەستێنێتەوە کە خۆی بڕیاری وەستان و بەردەوامبوون بدات. بەڵام ئەم کەمبوونەی خاڵبەندی وادەکات لەو شوێنانەی خاڵبەندی بەکار هاتوون جەختی زیاتریان لێ بکرێتەوە نمونە

**"دڵم خۆشە**
**منداڵیی خستوومیەتیە فڕین**
**دەڵێی وام لە ژێر یەکەمین باراندا و**
**لە یەکەمین پیاسەم و**
**تەڕ تەڕم بە لێزمەی ناکاوی**
**یەکەم ئەوین!** "(قەرەداغی،٢٠٢٠: ٣٠٤)

لێرەدا شاعیر هیچ خاڵبەندییێکی لە ناوەڕاستی کۆپپلەکەدا دانەناوە ئەمەش وای کردووە خاڵبەندییەکەی کۆتایی قورساییێکی زۆرترت بکەوێتە سەر.

### ٣.٤ بۆشایی:

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە بینیاکییەکان بریتییە لە بۆشایی یاخود سپییتی لاپەڕەشی پێ دەوترێت، کە هەموو ئەو بەشانەی لاپەڕە دەگرێتەوە کە نووسینی لێناکرێت. لە نووسراوی چاپە مەنییەکاندا ئەو بۆشاییانە بەشێک لە لایەن دیزاینەرانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، کە ئەمە هیچ شێوازێک بە نووسەرەکە نابەخشێت چونکە هەڵبژاردنی خودی نووسەر نییە. لە بەرامبەردا بەشێکی تری بۆ شاییەکان ویستی نووسەری لەسەرە وەک( بۆشایی نێوان هێڵەکان، بۆشایی نێوان وشەکان و بۆشایی پێشەوە و دواوەی نووسین ) کە جوانکاری و ڕێکخستن بە لاپەڕە دەبەخشێت، بەپێچەوانەوە لاپەڕەی جەنجاڵ و بێ بۆشای بەرچاوی خوێنەر جەنجاڵ دەکات لێرەدا چەند کاریگەرییێکی بۆشایی دەخرێتە ڕوو:

### ١.٣.٤ بێدەنگی پێش دەستپێک:

لە نووسینی ئاساییدا دەق لە سەری سەرەوەی لاپەڕە دەست پێدەکات بەڵام لە شیعرەکانی شاعیر بەر لە دەستپێکردنی شیعرەکە نزیکەی نیو لاپەڕ بۆشایی بەجێ دێڵێ ئینجا ناونیشان و دەقەکە دەست پێدەکات، ئەمەش بۆ نیشاندانی ئەو بێدەنگییە یە کە بەر لە دەق شاعیر دەیەوێت هەبێت ئەم جۆرە لە بۆشایی هەستێکی ئارامی بە خوێنەر دەبەخشێت و بەدووری دەگرێت لەوەی لەپڕ خوێنەر بخاتە ناو دەقەکە هەموو ئەو شیعرانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە هەڵبژاردراون بۆشاییان لە دەستپێکدا هەیە ئەمەش ئەو دەگەیێنێت شاعیر هەوڵیداوە بەر لە هەر دەقێک کەشێکی ئارام بۆ خوێنەر دروست بکات و ئامادەکاری بکات بۆ بانگهێشتکردنی بۆ ناو کەشی شیعرەکانی.

### ٢.٣.٤ بێدەنگی دوای کۆتایی:

لە نووسینی ئاساییدا دەق لە بنکەی لاپەرە کۆتایی دێت و ڕاستەوخۆ لە دوای ئەوە دەقێکیتر لە لاپەڕەی دواتر دەستپێدەکات، بەڵام لە شیعردا شاعیر لەم ڕێسایانە لادەدات چونکە مەبەستی تەنها گەیاندنی پەیام نییە بەڵکوو هاوکات جوانییش دەگەیێنێت. بۆیە وەک چۆن ئاماژەمان پێدا دەق لە سەری سەرەوەی لاپەڕە دەستپێناکات ئاواش لە بنکەی لاپەڕە کۆتایی پی ناهێنرێت بۆیەش هەموو ئەو شیعرانەی کە لەم توێژینەوەیە کارمان تێدا کردوون بە شێوەیەک بۆشاییەکانی ڕێکخراوە کە دەقەکان لە ناوەڕاستی لاپەڕە کۆتاییان بێت ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیر بێدەنگیەک دروست دەکات بۆ ئەوەی دەرفەت بدات بە خوێنەر بۆ ڕامان لەو دەقەی کە خوێندییەوە و بی پارێزێت لەوەی ڕاستەوخۆ چاوی بە ناونیشانی دەقی دواتر بکەوێت.

### ٣.٣.٤ جیاکردنەوەی پارچەکان:

یەکێک لە ئەرکەکانی هێڵی بۆش بریتییە لە جیاکردنەوەی پارچەکان کە زۆرجار نوێنەرایەتی ئەو بێدەنگییە دەکات کە لەنێوان هەر دوو پارچەیەکدا هەیە. بە واتایەکی تر شاعیر ئەم بۆشاییانە لە نووسیندا بەکاردێنێت، بۆ ئەوەی دەقەکە دابەش بکاتە سەر چەند پارچەیەک ئەمەش ڕێ بە دەقەکە دەدات کە چەند دیمەنێکی جیاواز لەخۆ بگرێت یاخود بە چەند کەشێکی جیاواز بخوێنرێتەوە دواجار ڕێگر دەبێت لە جەنجاڵبوونی لاپەڕە و بێزاری خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیدا جگە لەو دەقانەی کە لە بابەتی چڕی لاپەرە باسکراون هەموو دەقەکانی تر ئەم جیاکردنەوەیان تێدایە بۆ نمونە لە دەقی (بەفر بە غەریبییەوە دەبارێ)

**"کوڕەکان نوستوون (...)**
**کوڕەکان(...)**
**لە عەسرێکی پاییزدا (...)**
**کوڕەکان شەویان بەسەردا دێ(...)**

**کوڕەکان بە حاڵ بیریان دێتەوە کە منداڵ بوون(...)"** [١] (قەرەداغی،٢٠٢٠: ٥٧٠-٥٧١)

بۆشایی لەم دەقەدا ڕۆڵێکی کارا دەبینێت لەوەی دەقەکە دابەش بکاتە سەر چەند پارچەیەک کە وەک زنجیرە دیمەنێک دەقەکە نمایشی دەکات. سەرەتا نووستنی" کوڕەکان" دواتر کوڕەکان لە عەسر و شەوان دواتر نیشاندانی ئەوەی چییان بیردێتەوە. هەبوونی بۆشایی لە نێوان هەر یەک لەو پارچانە وەک تاریکبوونی شاشەیە لە نێوان دیمەنەکان ئەمەش وای کردووە دیمەنەکان تێکەڵ نەبن و وچان بە خوێنەر بدات بۆ دیمەنی دواتر.

**٤.٣.٤ چڕی لاپەڕە:**

وەک چۆن دانانی بۆشایی لە نێوان هێڵەکان دەبێتە هۆی دابەشکردنی دەق بۆ چەند پارچەیە و تایبەتمەندییەکی گرافۆلۆجیە، بەهەمان شێوە نەبوونیشی تایبەتمەندییەکی ترە کە بە چڕی لاپەڕە ناودەبرێت، چڕی لاپەڕە بریتییە لەوەی سەر تاپای لاپەڕەکە هەموو هێڵەکان نووسراون و هیچ هێڵێکی بەتاڵ ل ەنێوانیاندا نییە ئەمەش دەبێتە نیشاندانی یەکێتیی دەقەکە و شڵەژان و نائارامی لای خوێنەر دروست دەکات کە ڕەنگدانەوەی ئەو شڵەژانەیە کە لە ناوەڕۆکی دەقەکەدا هەیە. هۆکارێکی تری هەڵبژاردنی ئەم جۆرە تایبەتمەندییە بریتییە لەوەی شاعیر مەبەستیەتی بە یەک هەناسە دەقەکە بخوێنرێتەوە وەک ئەوەی کەسێک بە هەڵەداوان بەسەریەکەوە قسە بکات شین بگێڕێت بێ پسانەوە. دواجار ئەم بێوچانییە لە دیمەنی لاپەڕەکەشدا ڕەنگ دەداتەوە و چڕی لاپەڕەی لێ دەکەوێتەوە(دەستێکم لەنێو دەستی دایکمدا دەستێکم ڕاکشاو لەبەر هەتاو) (ل٤٨٨)، ( منالییەک باریو تەنیاییەک تەزیو) (ل ١٨٠) ، (کۆڤان) (ل٤٥١)،

**٥.٣.٤ جەختکردن:**

بۆشایی نێوان هێڵەکان لە شیعردا زۆر جار بۆ ئەوە بەکاردێن کە وشەیەک یان ڕستەیەک جیابکەنەوە لە پارچەکانی پێش و دوای خۆیان ئەمەش قورساییەکی زۆرتر دەخاتە سەر بەشە جیاکراوەکە و وادەکات خوێنەر کاتی زیاتری پێ ببەخشێت وەک لە هەمان بەش بەبێ جیاکردنەوە.

نمونە:

**" تا شتێ ... شتێکی زۆر گرینگ**
**کە دەمێکە لێمان بزر بووە،**
**بدەیتەوە!**

**تۆ دەبێ شتێ بکەی**
**هەر شتێ!** " (قەرەداغی،٢٠٢٠ : ٧٤٨)

لەم دەقەدا دوو دێڕ جیاکراوەتەوە (تۆ دەبێت شتێ هەر بکەی/هەر شتێ!) ئەمەش لە کاتێکدا پەرچەکانی پێشووتری بڕی پێویست درێژن و ئەم بەشە لەپێناو جەختکردن جیاکراوەتەوە لەڕێگەی بۆشایی پێش و دواوەی، بۆ ئەوەی خوێنەر تیژتێپەڕ نەیخوێنێتەوە، بەڵکوو بوەستێت لەسەر ئەوەی

---

[١] ) لەم نمونەیەدا وا بەپێویست زانراوە تەنها لەتە دێڕی یەکەمی کۆپلە شیعرەکان دابنرێنەوە.

که لەم شیعرەدا گرنگە ئەنجامدانی هەرشتێکە گەورەبێ یان بچوک ئاسان یان ئەستەم گرنگ نییە، ئەوەندەی ئەنجامدانەکەی گرنگە. بۆیە شاعیر هەم بە زمان هەم بە تایبەتەندییە بینراوەکان جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە "تۆ"ی شیعرەکە هەر دەبێت شتێک ئەنجام بدات.

### ٥.٤ شیکردنەوەی یەکگرتووی تایبەتمەندییە بینراوەکان :

لە پێشتردا ئاماژە بە تایبەتمەندییە بینراوەکان ( هێڵشکاندن، هێڵکاری، خاڵبەندی...) کرا بەشێوەی جیا جیا و نمونە و کاریگەری هەریەکەیان بە جیا خرانە ڕوو، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە تایبەتمەندییە بینراوەکان هەمیشە بە تەنیا کارناکەن، بەڵکوو زۆربەی کات لەگەڵ زمان و تایبەتمەندییە بینراوەکانی تردا دەردەکەون و وەک جەستەیەکی یەکگرتوو پەیام و هەست و سۆزی شیعرەکە دەردەبڕن. ئەم شیکردنەوەش بە پێویست دەزانین چونکە لە جەوهەری دەقدا ئەم ڕەگەزانە بە شێوەیەکی تەواوکاری  کار دەکەن، باسکردنیان بە جیا پێویستییێکی لێکۆڵینەوە بوو، بەڵام بۆ دەرککردن بە تەواوی کارگەریی لایەنە بینراوەکان، پێویستە بەیەکەوە شیبکرێنەوە. بۆ ڕاستاندنی ئەم پەیوەندییە تەواوکارییە، پارچە شیعرێک دێنین و بە تێکڕایی لە ڕوانگەی گرافۆلۆجییەوە شی دەکەیەنەوە.

ئێوارەیەک دادێ
یەکێ لە زەنگی دەرگاکە دەدا
بە گاڵتەوە دەڵێم
کێیت ئەی هاوڕێی ئازیز... کێ؟
ئەو بە خەمێکی قووڵەوە
بە ئەسپایی
زۆر زۆر بە ئەسپایی
دەڵێ:
باوکە بیکەرەوە
منم .. منم
من...!
بە غەمێکی قوڵترەوە
دەڵێ:
منم ... منم ... یەکێ
من ... میوانێ
موسافیرێ،
ع
ا
ش
ق
ێ
! (قەرەداغی، ٢٠٢٠: ٢٤٨-٢٤٩)

بۆ شیکردنەوەی شێوازی گرافۆلۆجی ئەم پارچە شیعرە جەخت لەسەر چەند لایەنێک دەکەینەوە لەوانە (هێماکانی خاڵبەندی، هێڵشکاندن، هێڵکاری دەق، نەبوونی خاڵبەندی،) هۆی لەباری ئەم پارچەیەش بۆ شیکردنەوەی گرافۆلۆجی ئەوەیە کە تایبەتمەندییەکان بەیەکەوە تێیدا دەرکەوتوون و پاڵپشتی لە زمان و مانای دەق دەکەن

**١.٥.٤ هێڵشکاندن:**

هێڵشکاندن لەم دەقەدا لە زۆربەی دێڕەکاندا هەیە. لە بەشێکی زۆریدا، ئەرکی ئەوەی هەیە سنووری نێوان ڕستە و وێنەکان جیا بکاتەوە. وەک لە سەرەتای پارچەکەدا، هێڵشکاندن وێنەی (ئێوارە) لە وێنەی (لە زەنگی دەرگا دان) جیا دەکاتەوە. بەم شێوەیە، خوێنەر وێنەکان یەک لە دوای یەک و بە شێوەیەکی ڕێکخراو وەردەگرێت. هەروەها، لەم پارچەیەدا ئەرکێکی تری هێڵشکاندن نیشان دەدرێت، کە بریتییە لە جێگرتنەوەی خاڵبەندی. ئەمە لە دوای (بە گاڵتەوە دەڵێم) دەبینرێت . هێڵشکاندن لێرەدا لەبری جووتخاڵ (:) بەکار هاتووە بۆ ئاماژەدان بە دەستپێکی گفتوگۆ.

**٢.٥.٤ خاڵبەندی:**

خاڵبەندی لەم پارچە شیعرەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت. کاتێک دەنووسرێت (منم .. منم) لێرەدا نیشانەی دوو خاڵ (..) بەکار هاتووە، کە لادانێکی گرافۆلۆجییە، چونکە لە خاڵبەندی ئاساییدا نیشانەی سێ خاڵ (...) بۆ درێژکردنەوەی هەناسە و دروستکردنی وچان بەکار دێت، بەڵام شاعیر تەنها دوو خاڵی داناوە و لەم ڕێگەیەوە کورتی هەناسەکە و نادڵنیایی و پچڕپچڕی دەربڕینی کارەکتەر نیشان دەدات، دواتر کاتێک دەڵێت: (من...!) لێرەدا هێمای سێ خاڵی تەواو هاتووە، چونکە لەو شوێنەدا پچڕان نیشان نادات؛ بەڵکوو ئەو وچانە نیشان دەدات کە کارەکتەر تێیدا بیری کردووەتەوە. بە دوای ئەوەدا، هێمای سەرسوڕمان (!) هاتووە بۆ نیشاندانی گەیشتن بە وەڵامێکی قورس، لە ئەنجامی ئەو بیرکردنەوەیەی لەبارەی (من)ەوە کردوویەتی. لە دێڕەکانی دواتریش ئەم وەڵامە قورسە ڕوون دەکاتەوە کە بریتییە لەوەی کارەکتەرەکە من نەماوە بەڵکوو بۆتە( یەکێ، میوانێ، موسافیرێ و عاشقێ)

هەروەها لەو شوێنەی دوای وشەی (موسافیرێ) بۆر (،) دانراوە، لە کاتێکدا لە زۆرێک لە شوێنەکانی تر کە دەتوانرا بەپێی یاساکانی خاڵبەندی بۆر دابنرێت، دانەنراوە. ئەم هەڵبژاردنە دەتوانرێت بەم شێوەیە لێکبدرێتەوە کە شاعیر بە ئەنقەست ئەم بۆرەی لێرەدا هێشتووەتەوە بۆ نیشاندانی پەیوەندییەکی تایبەت لەنێوان (موسافیرێ) و (عاشقێ) دا. واتە: بۆرەکە تەنها ئامرازێکی ڕێزمانی نییە، بەڵکوو دەبێتە نیشانەی بەستەرێکی مانایی لەنێوان ئەو دوو ناوەی کارەکتەر بۆ ناساندنی خۆی بەکارهێناوە.

دواجار، نیشانەی سەرسوڕمان لە کۆتایی پارچەکەدا بە تەنها لە هێڵێکدا هاتووە، و ئەو شوێنەیە کە واتاکان تێیدا چڕ بوونەتەوە. بەمەش، هێمای سەرسوڕمان وەک خاڵی کۆتایی هەست و مانا کاردەکات و لەوێوە کۆتایی بە کۆپلەکە دێنێت.

### ٣.٥.٤ هێڵكاری:

هێڵکاری لەم پارچە شیعرەدا هاوشانی مانای وشەکان ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت، یەکێک لە ڕۆڵەکانی جەختکردنەوەیە لە وشەی (بە ئەسپایی) کاتێک وشەکە بە تەنها لە هێڵێکدا دادەنێت، ئەوا قورساییێکی زۆرتر بە وشەکە دەبەخشێت، هاوکات لە ڕێی زمانەوە لە دێڕی دواتردا بە دەستەواژەی (زۆر زۆر) دووبارە جەختی لەسەر هێواشی و بە ئەسپایی قسەکردنی کارەکتەرەکە کردووەتەوە. ئەرکێکی تری هێڵکاری لە بەشی کۆتایی ئەم پارچەدا بریتییە لە وێنەکردنی واتا کاتێک دەڵێت:

ع
ا
ش
ق
ێ
!

ئەمە تەنها نەخشێکی ئاسایی نییە بۆ جوانکاری کرابێت، بەڵکوو شاعیر لەڕێی ئەم هێڵکارییەوە نەک تەنها وشەی عاشق دەنووسێت، بەڵکوو خودی عاشقیشمان نیشان دەدات، لە سێ ڕەهەندا مانا بەرجەستە دەکات.

یەکەم: ئەم شێوازە لێکهەڵوەشانەوە و شکان نیشان دەدات. شاعیر لە ڕێگەی شکاندن و دابەشکردنی وشەی (عاشقێ) بەسەر تیپەکاندا، ئەوە دەگەیەنێت کە وەک چۆن وشەی (عاشق) بە هەڵوەشاوەیی نووسراوە، ئاواش مرۆڤی عاشق ناتوانێت خۆی کۆبکاتەوە و لێک هەڵدەوەشێت.

دووەم: ئەم دابەشکردنەی وشەی عاشق بەسەر هێڵەکاندا بۆ پێکهێنانی هێڵێکی ستوونی لار داڕژان و داڕوخانی کارەکتەری عاشق نیشان دەدات وەک بڵێت: وەک چۆن وشەی عاشق داڕژاوە ئاواش کارەکتەری عاشق داڕژاوە.

سێیەم کۆچ و دوورکەوتنەوە: تیپەکان لە لای ڕاستەوە (شوێنی ڕەسەنی دەستپێکی نووسین) بەرەو لای چەپی لاپەڕەکە دەکشێن. ئەم لادانە ئاراستەییەی شوێنی دەستپێکی نووسین، وێنەی "دوورکەوتنەوە و دابڕان لە ماڵ"ی پێ کێشراوە، کە عاشقەکە وەک موسافیرێک لە جێگەی خۆی (ماڵ) دووردەکەوێتەوە و بەرەو غوربەت دەچێت.

چوارەم نیشاندانی دەنگ: دابەشکردنی وشەکە بە شێوەی تیپ تیپ، خوێنەر ناچار دەکات وشەکە بە هێواشی و بە هەناسەبڕکێ بخوێنێتەوە، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو قورسی و ژانەیە کە کارەکتەرەکە لە کاتی دەربڕینی وشەی (عاشق)دا هەستی پێ دەکات.

**ئەنجامەکان:**

١. توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات کە هەر یەکە لە ( خاڵبەندی، هێڵشکاندن، هێڵکاری دەق و بۆشایی) بە شێوەیەکی تایبەت و هونەری مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە و تەنها کەرستەی جوانکاری نین، بەڵکوو بەشێکن لە شیعریەتی دەقەکان و دەربڕینی مانا و پەیامی دەق.

٢. هێڵشکاندن لای قەرەداغی لەخۆوە نییە، بەڵکوو ڕۆڵی هەیە لە دابەشکردنی ڕستە و وێنەکان و چڕکردنەوەی سەرنج لەسەر ئەو بەشانەی لە دەقی ئاساییدا فەرامۆش دەکرێن، هەروەها وەک کەرستەیەک کار دەکات بۆ کێشانی میتافۆری بینراو بە هێڵەکان لەوێشێوە واتا نیشان دەدەن.

٣. لای قەرەداغی ڕێژەی بەکارهێنانی خاڵبەندی کەمە، بە بەراورد لەگەڵ زمانی ئاسایی. بەهۆی ئەوەی تەنها لەو شوێنانە دادەنرێن کە پێویستی هونەری هەیە. ئەمەش وا دەکات هێماکانی خاڵبەندی لای قەرەداغی، هێندەی کەرستەی دەربڕین و تێڕامانن، هێندە ئامرازێکی ڕووتی ڕێزمانی نین بۆ ڕێکخستنی نووسین.

٤. بۆشایی گرافۆلۆجی ( بەتایبەت بۆشایی نێوان دێڕەکان)تەنها کەرستەی جوانکاری نین، بەڵکوو هەم نوێنەری بێدەنگین، هەم نیشانەی گواستنەوەی دیمەنەکان و پارچە شیعرەکانن.

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان

### کتێبەکان:


١. دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٩)، گرافۆلۆجی، چاپی یەکەم،هەولێر: ناوەندی ئاوێر.
٢. قەرەداغی، دلاوەر (٢٠٢٠)،لێرەولەوی باران  دووراودوور هەتاو، چاپی یەکەم، سلێمانی: پڕۆژەی قەفتان.
٣. قارەمان، جووتیار(٢٠٢٠) خاڵبەندی...ڕێساکانی بەکارهێنانی لە نووسیندا، چاپی یەکەم، هەولێر : ناوەندی ڕەها.
٤. کوردستانی، موحەممەد مەردۆخی (١٣٤٩)، فەرهەنگی مەردۆخ، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، سنە: خانەی بڵاوکردنەوەی پرتەوبەیان.
٥. گەردی، د.ژوان عەبدولسەلام عەزیز (٢٠٢٢)،شێوازناسی ئەدەب، چاپی یەکەم هەولێر: چاپخانەی ئاوێر.
٦. مەحموود، ئازاد ئەحمەد (٢٠٠٩) بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپی یەکەم ، هەولێر : چاپخانەی حاجی هاشم
٧. مەلازادە، ڕێبوار محمد(٢٠١٩)، شێوازناسی لە ئەدەبدا، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ئاوێر
٨. عەبدوڵڵا، ڕۆژان نووری (٢٠٢٢)، میتافۆر لە شیعردا، چاپی یەکەم، سلیمانی: چاپخانەی چوارچرا.
٩. هاشمی، دیاکۆ(٢٠٢٤) پوختەی ڕێنووس و خاڵبەندی،چاپی یەکەم. هەولێر: ئەکادیمیای کوردی.
١٠. هەژار،عبدالرحمان شرفکندی(١٣٦٩هەتاوی)، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە(کوردی-فارسی)، چاپی یەکەم، تهران: سروش.


### ڕۆژنامەکان:


١١. حەسەن، حەمەسەعید، (٢٠٢٦). کلکی سەگەکە لە ڤێرگۆل دەچوو. ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ١٤ی نیسان، ژمارە (١٤٨٢)، ل٩.
١٢. تاهیر، تەڵعەت، (٢٠٠٩). [پیرۆزبایی لە مانا بکەن.. دەتوانێت گوڵێک بێت لە ئینجانەی پرسیار، یان دیوارێک بێت لە]. ڕەخنەی چاودێر (پاشکۆی هەفتانەی ئەدەبی و ڕەخنەیی ڕۆژنامەی چاودێر)، ١٢ی کانوونی دووەم، ژمارە (١٤٨)، ل١.
١٣. ئەسپینداریی، نەجات، (٢٠٢٦). شیعر بەهرەیەکی زگماکییە یاخود مومارەسەیە. ڕۆژنامەی خەبات، ١٦ی نیسان، ژمارە (٧١٩١)، ل١٠.
١٤. حەسەن، بەکر کەریم، (٢٠٢٦). بنیادنانی نەوەیەک لە نێوان ڕەسەنایەتی و نوێگەریدا. ڕۆژنامەی هەولێر، ١٩ی نیسان، ژمارە (٤٥٢٠)، ل١٤.
١٥. عەبدوڵڵا، عەبدولموتەلیب. (٢٠٢٦). خێرایی تەکنۆلۆژی؛ کاتێک مانا دەکەوێتە دواوە. کوردستانی نوێ. ١٦ی نیسان. ل٣.


### سەرچاوە عەرەبییەکان

### کتێبەکان:


١٦. وهبة، مجدي & المهندس، كامل. (١٩٨٤). معجم المصطلحات العربية في اللغة والأدب، الطبعة الثانية، بيروت: مكتبة لبنان ناشرون.

**سەرچاوە فارسییەکان**

**کتێبەکان**

**١٧.** شمیسا، سیروس,(١٣٧٣) کلیات سبک شناسی، ،چاپ دوم, تهران: انتشارات فردوس.

**سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**

**کتێبەکان:**

**١٨.** Bringhurst, R. (١٩٩٦) *The Elements of Typographic Style*. ٢nd edn. Point Roberts, WA: Hartley & Marks.

**١٩.** Crystal, D. and Davy, D. (١٩٦٩) *Investigating English Style*. London: Longman.

**٢٠.** Halliday, M.A.K., McIntosh, A. and Strevens, P. (١٩٦٤) *The Linguistic Sciences and Language Teaching*. London: Longmans, Green and Co. Ltd.

**٢١.** Leech, G. and Short, M. (١٩٨١) *Style in Fiction: A Linguistic Introduction to English Fictional Prose*. London: Longman.

**٢٢.** Leech, G.N. (١٩٦٩) *A Linguistic Guide to English Poetry*. London: Longman.

**٢٣.** Liddell, H.G. and Scott, R. (١٩٠١) *A Greek–English Lexicon*. Oxford: Clarendon Press.

**٢٤.** Schopenhauer, A. (١٨٩١) The Art of Literature: A Series of Essays. Translated by T. Bailey Saunders. London: George Allen & Unwin.

**٢٥.** Simpson, P. (٢٠٠٤) *Stylistics: A Resource Book for Students*. London and New York: Routledge.

**گۆڤارەکان:**

**٢٦.** Beck, J. and Konieczny, L. (٢٠٢١) ‘Rhythmic subvocalization: An eye-tracking study on silent poetry reading’, *Journal of Eye Movement Research*, ١٣(٣). https://doi.org/١٠,١٦٩١٠/jemr.١٣,٣,٥

**٢٧.** EPRA International Journal of Multidisciplinary Research (٢٠٢١) ‘Stylistics as a Literary Approach’, *EPRA International Journal of Multidisciplinary Research*. https://doi.org/١٠,٣٦٧١٣/epra٢٠١٣

**٢٨.** Gómez-Jiménez, E. (٢٠١٥) ‘An introduction to graphology: definition, theoretical background and levels of analysis’, *Miscelánea: A Journal of English and American Studies*, ٥١, pp. ٧١–٨٥.

**٢٩.** Olaogun, M. (١٩٩١) 'Graphology & Meaning in the Poetry of Christopher Okigbo', African Literature Today, (١٨), pp. ١٠٨–١١٥

**٣٠.** Yeibo, E. and Akerele, C. (٢٠١٤) ‘Graphological foregrounding in Chimamanda Adichie’s *Purple Hibiscus*’, *International Journal of Language and Linguistics*, ١(٢).

## الملخص

تسلط هذه الدراسة الضوء على الخصائص الغرافولوجية (الخطية) بوصفها جانباً من جوانب الأسلوب في قصائد (دلاور قره داغي). يكمن الهدف الرئيس للبحث في تحديد أثر علامات الترقيم، وطريقة توزيع الأسطر، والخصائص البصرية للنص على المعنى والتعبير. تتبع الدراسة المنهج الوصفي التحليلي للكشف عن العلاقة التكاملية بين الشكل الخارجي للنص ومحتواه الفكري والعاطفي. وقد أظهرت نتائج التحليل أن الخصائص البصرية لدى "قره داغي" ليست مجرد أدوات تزيينية، بل إنها تساهم جنباً إلى جنب مع العاطفة والفكر في إنتاج المعنى والصورة الشعرية. إن فهم هذه الجوانب يفتح آفاقاً جديدة ويقدم قراءة مغايرة.

## Abstract

This research explores graphological features as a stylistic dimension in the poetry of Dilawer Qaradaghi. The primary objective is to identify the impact of punctuation marks, line arrangement, and visual textual properties on meaning and expression. The study employs a descriptive-analytical method to reveal the complementary relationship between the external form of the text and its intellectual and emotional content. The analytical results demonstrate that visual properties in Qaradaghi's work are not merely decorative elements; rather, they operate alongside the text's emotion and thought to generate meaning and imagery. Understanding these aspects offers a novel perspective for textual interpretation.